# کێشەی کورد ، دوێنێ و ئەمڕۆ
# مادەی 140 ی دەستوور چی لێدێت ؟
# ئایا کەرکوک دەگەڕێتەوە باوەشی کوردستان ؟

عارف کەریم – ستۆکهۆڵم

ماوەیەکە ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕوناکبیرو سیاسەتزان و ئەکادیمیست و چاودێری سیاسی گەلەکەمان لەسەر دەستووری هەمەشەیی عێراق بە گشتی و مادەی 140 بەتایبەتی دەنووسن و بە شێوازی جیا جیا گلەیی و گازندە و ڕەخنەو ناڕەزایی و تووڕەبوونی خۆیان دەردەبڕن سەبارەت بە بەرەوپێشنەچوونی کارەکان و جێبەجێنەکردنی مادەی ناوبراو .
کۆی ڕاوبۆچوونەکان لە نووسین و توێژینەوەکاندا بە گشتی ئاماژە بەوە دەکەن کە دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا وەکو پێویست و بە شێوەیەکی جدی و فەرمی بەرەوپیری کێشەکە نەچوون و بەپەرۆش نین بۆی و گوێی خۆیان لێخەواندووە و ئێستایش تەنها چەند مانگێک لەبەردەمدا ماوە و کاتی ئاساییکردنەوەو سەرژمێریش بەسەرچووە و دیارە ڕیفراندۆمەکەش هەروەکوو ئەوانیتری لیدێت و لەکاتی خۆیدا ئەنجامنادرێت.
ئەمانە بەگشتی سەرنجی جەماوەری گەلەکەمانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە و هەموویانی تووشی دڵە کوتەو دڵە ڕاوکێ کردووە و خەڵک بەگشتی دڵنیانین لەوەی مادەی 140 لەکاتی خۆیدا جێبەجێ دەکرێت ، یان دوادەخرێت بۆ کاتێکی دیاریکراو یان نەکراوی دوای ساڵی 2007 !!! .
بەرامبەربەمە دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا لەسەر ئاستی سکرتێری گشتی ی.ن.ک و سەرۆکی ( هەرێم و حکومەت و پەرلەمان ) و ئەندامانی سەرکردایەتی هەردوو حزبەکە و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و کۆڕ و کۆبوونەوەو سیمینارو بەرنامەی تی ڤی و ناردنی نوێنەری خۆیان بۆ دەرەوەی وڵات و .........تاد بەکوڵ باس لە مادەی 140 ی دەستووری هەمیشەیی دەکەن و پێدادەگرن لەسەر جێبەجێکردنی لەکاتی خۆیدا ، کەچی بارودۆخەکەش هەتائێستا هەروەکووخۆیەتی و نەهەنگاوی بەجێ نراوە و نەگۆڕانی گەورەیشی بە خۆوە بینیوە .
هەڵبەتە جگە لە فاکتەرە ناوخۆییەکانی خودی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و ململانێ و ناکۆکییەکانی نیوان حزبە کوردستانییەکان خۆیان ، فاکتەری عێراقی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتیش هەن کەهەمیشە ڕێگرو کۆسپی گەورە گەورە بوون لەبەردەمی کێشە نەتەوەیی و چارەنوسسازەکانی گەلەکەماندا ، لەناوئەوانەش کەرکوک و مادەی 140.
لەم وتارەدا هەوڵدەدەم کورتەیەک لەسەر کۆسپ و ئاستەنگ و گێژاوەکان بنووسم ، لەوانەی لەمێژەوە لەگەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوەو ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی گەلەکەماندا ڕووبەڕوومانبوونەتەوە و دەوروخولمانیانداوە و ئێخە لە ئێخەمان ناکەنەوە و کێشەی گەورە گەورەیان بۆمان خولقاندووە و هەتا ئێستایش ڕێگەچارەی تەواو نییە بۆ دەربازبوون لێیان .
گرنگترینی ئەو کۆسپ و ئاستەنگانەی لەمێژەوە گەورەترین گورزیان وەشاندووە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان بریتییە لە پەرتوبڵاوی و پارچەپارچەبوون و یەکنەبوونی ریزەکانی کورد خۆی لەمەیدانی تێکۆشاندا کە ڕێگای بۆ دوژمنەکانمان خۆشکردووە و هەلی گەورەی بۆ ڕەخساندوون بۆئەوەی بینە ناومانەوە و بەئارەزووی خۆیان تەراتێن بکەن و ریزەکانمان تێکبدەن ، وەکوو تێکیاندا! .
لێرەدا من نامەوێ دوور بڕۆم و لە مێژووی سەردەمێکی کۆنەوە دەستپێبکەم ، ئەمە کاری ئەوکەسانەیە کە لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی مێژوویی دەکەن .....بەڵام دەتوانم بڵێم مێژووی گەلەکەی ئێمە بە شێوەیەکی گشتی پڕیتی لە لەشکرکێشی زۆر بۆسەر یەکتری لەسەر حسابی پشتبەستن بە دوژمن و چوونەپاڵ ئەوان ، دیارە ئەوەی لە 40 ساڵی ڕابوردوویشدا ڕوویدا

لە کوردستانی عێراق بەشێکە لەوەی دوێنێ و پێرێ و بە میرات بۆمان جێماوە ! بەڵگە بۆ قسەکانم ئەوەیە ئێمەی کورد لە ڕۆژی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولی 1961 ەوە هەتائێستا خەریکی پاشقولگرتن و جیابوونەوە لە یەکتر و دابەشبوون بۆ مەیدانی ململانێی جیاجیا و شەڕو پێکدادان و قاتوقڕکردن و لەناوبردنی یەکترین لە پێناوی بەرژەوەندی باڵای ( نەک نەتەوە ) بەڵکو بەرژەوەندی تەسکی تاک وحزبیدا ، بەواتایەکی تر ئێمە شەڕمانکردووە لە پێناوی شەڕدا ، شەڕیش بۆ خزمەتکردنی دوژمنەکانمان ، ئەمەیش ئەوەدەگەیەنێ کەسەرکردایەتی کورد بەدرێژایی ساڵانی ڕابوردوو لەمەسەلەی ناکۆکی و ململانێ سیاسییەکانی دەوروپشتی خۆی بەباشی نەگەیشتووە ، بێگومان هۆکاری سەرەکی ئەمانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگاکەی ئێمە لەناوەوە کۆمەڵگایەکی پەرتوبڵاوو خێڵەکییە ، کۆمەڵگای تیرەو هۆزو عەشیرەتە ، پەیوەندییەکانی نێوان خەڵکیش پەیوەندییەکی خێڵەکی دواکەوتووە ، ئەمە بەومانایە دێت کە پیاو لەناو خێزاندا ، سەرۆک هۆزو سەرۆک خێڵ ، سەرۆک حزب سەرچاوەی دەسەڵات و بریارن و هەرکەسێکیش گوێڕایەڵنەبی و فەرمانەکانی ئەوان ڕەتبکاتەوە ، ئەوا بە زوبانی هێز و گوللە و دەمانچەو بە ئەقڵی داڕزاوی ژەنگهەهەڵاتووی ناو لوولەی تفەنگ مامەلە دەکرێت و وەڵام دەدرێتەوە ، ئەمانە هەمووی لەلایەک ، لەلایەکی ترەوە ئەگەر باسوخواس بێتە سەر حزبە کوردستانییەکان خۆیان ، ئەوا هیچیان لەسەر بنەمایەکی ئایدۆلۆژی ، مەنتیقی ، عەقڵانی دروستنەبوون و خاوەنی زانستێکی سیاسی نەبوون لەسەر شێوەی تێکۆشآن ، گوتاری سیاسی شیواوی ئەوان لە هەلومەرجێکی نالەباردا چاوی هەڵهێناوە ، تاریکو لێڵو تەمومژاوی بووە ، ئەوان خۆیان بەپاڵەوانی مەیدان زانیوە و لە بانگەشەکانیاندا لە خۆیان بەولاوە کەسی تریان قەبووڵ نەبووە و ویستوویانە بەهەر شێوەونرخێک بێت و چەند بکەوێت ، خۆیان بسەپێنن ، کەلەدواجاردا بۆتەهۆی پەیداکردنی دوژمنی زۆر بۆخۆیان . خەڵکی کوردستان ئاشنایەتییەکی زۆریان نەبووە لە سەر هەندی بیروفەلسەفەی نوێ کە ئەوان هێنایانە کوردستان ، پۆشتەوپەرداخ و گۆشکراوی ئەوانەش نەبوون ، چونکە حزبەکە بۆخۆی کەتازە ئەو بیروفەلسەفانەی هەڵگرتبوو لەهەناوی زەرفێکی سیاسی تایبەتدا هاتبوە دنیاوە و چاوی هەڵهێنابوو ، لەزەرفێکی تردا سەری تیاچوو ، لەبەرئەوە سەرکردەکانیشیان بەهۆی شەڕوپێکدادانی ناوخۆوە سەرئەوەیان نەدەپەرژا گەشە بەبیری خۆیان بدەن ، ئاستی زانینیان بەرزبکەنەوە و لێی دەوڵەمەندبکەن ، بۆیە دەبینین ئەوانە کەسانێکی واقیع ناس و واقیع بین نەبوون و ویستوویانە بەخەیاڵو خەو کۆشکێک لەزانیاری درووستبکەن ، ئەمەلەکاتێکدا خۆیان پێویستییان بەوە هەبوە زانیاری زیاتر فێربن ، دیارە خوێندنەوەی خراپی ئەوان بۆ واقیعەکە هەمیشە هەڵەی سیاسی بە دوای خۆیدا هیناوە . جگەلەوانە ، ئەوان بە درێژایی خەباتی چەند ساڵە ، خاوەنی نەخشەیەکی سیاسی یاخود ستراتیژێکی ڕوون و ئاشکرا نەبوون بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان و ناسنامەی دوژمنەکانی خۆشیان بەباشی نەناسیوە ، بۆیە زوو زوو خۆیان لە مەیدانێکدا بینیوەتەوە ، لەوێدا هاوکاری دوژمنەکەیان کردووە و پاشان یارییان بە خۆیان و گەلەکەیان کردووە ، ئەمانە ئەوە دەگەیێنێ کە ئەوان بێئاگابوون لەوەی چی ڕوودەدات لەدەوروپشتی خۆیان و بەتەنگ ئارەق و فرمێسک و خوێنی خەڵکییەوە نەبوون و لێی نەترساون ، هەروەها ئەوان کە بریاری شەڕیانداوە ، چالاک و ئازاو بێوێنەبوون بەڵام بەپێچەوانەی ئەمەوە لەدانووستانەکاندا هەمیشە تووشی شکستی سیاسی گەورەی یەک لەدوای یەک هاتوون .

دوابەدوای هاتنی ئەمەریکا بۆ ناوچەکەو دەرپەڕاندنی سوپای سەددام لە کوێت و تێکشکانی ئەوان لەوێ، ڕاپەرینی ساڵی 1991 دەستیپێکرد و هەلێکی مەزن بۆ کورد هەڵکەوت کە خۆی کۆبکاتەوە و بەهێزبکات ، ڕیزەکانی یەکخاتەوە و خۆی بکاتە خاوەنی گوتارێکی سیاسی یەکگرتوو ، ئەو کوردستانەی کرابووە گۆڕستان پاکیبکاتەوە لە دوژمنان و ئاوەدانیبکاتەوە .....کەچی ئەمانە هیچی نەکراو و لێرەیشدا من نامەوێ زۆر بچمە ناو لاپەڕە کۆنەکانەوە بەتایبەتی میللەتەکەی ئێمە بەباشی لە ڕاستییەکان گەیشتووە .

لەپێش پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا پرسیاری زۆر دەکرا سەبارەت بەئەگەرەکان ، ئەگەری بەکارهێنانی چەکی کیمیایی ، ئەگەری هێرشی ڕژێمی بەغدا بۆ سەر کوردستان ، ئەگەری کۆڕەوێکی تر ....... کەچی هیچ یەکێک لەمانە وەڵامی نەبوو ، نەک هەر ئەمەو بەس بەڵکو هیچ نەخشەو پلانێکیش ئامادەنەکرابوو بۆ یەکێک لەئەگەرەکان . لەبەهاری 2003 دا پرۆسەی ئازادکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە دەستیپێکرد ، دوژمنانی ئێمە کەخاکەکەمانیان داگیرکردبوو هەموو هاڵاتن و کەرکوک

و دەوروپشتەکەیان جێهێشت ، کەچی چەکدارە بەدبەخت و سەرخۆش و دواکەوتووەکانی ئێمە بەبەرچاوی کەناڵە ئاسمانییەکانەوە کەهەموو دنیا دەیبینی ، خەریکی بڕینی بانکەکان بوون لە پێناوی مشتێک دیناری چاپکراوی بێنرخی ئەو سەردەمە و بە شێوەیەکی قێزەون و ناشیرین خۆیان باردەکرد بەو پارە بێنرخەو بەمەیش نەوەستانەوە ، چی شتی بەنرخ هەبوو لەشاری کەرکوکدا دزییان و باریانکرد ، ئەمە لەکاتێکدا هەردوو حزبەکە ( پارتی و یەکێتی ) بێئاگانەبوون لەو کارەچەپەڵانە کە لێی بێدەنگبوون ، کەچی بەپێچەوانەی ئەمەوە لە توانایاندا هەبوو مامەلەیەکی باش لەگەڵ ئەم بارودۆخە نوێیەدا بکەن و بەقازانجی گەلەکەمان کۆتایی پێبهێنن ، بەڵام داخەکەم ئەوان هەر خەریکی پاشقولگرتن و دەستکەوتی مادی و شەڕە پەڕۆ بوون !! ، ئەم دیمەنە ناشیرینە کوردی شکاند لای ڕای گشتی جیهان و کارێکی وایشی کرد نەیارەکانمان لەسەر حسابی لاوازی ئێمە و بەهاوکاری ئێمە بگەرێنەوە کەرکوک و دەوروپشتەکەی و جارێکیتر وەکوو سەردەمی سەدام حوسەین چاویان سووربکەنەوە لێمان ، هەڕەشەمان لێبکەن ، تیرۆر بهێنن بۆمان .

دەسەڵاتی سیاسی لەکوردستاندا بەدرێژایی ساڵانی ڕابوردوو 1961 _ 2003 کەوتنە هەڵەی گەورە گەورەوە و میللەتەکەمانیان بە قۆناخی سەخت و خوێناوی جۆراوجۆردا تێپەڕاند ، زۆر شت هەبوو دەبوایە بکرایە ، کەچی نەیانکرد ، بەپێچەوانەی ئەمەوە زۆریتر هەبوو کەدەبوایە نەکرایە کەچی کردیان ، ئەوانە بە تێکڕایی نووچدان و شکست و تێکشکانی گەورەگەورەیان بۆ کورد هێنا و میللەتەکەمانیان بەرەوڕووی ناخۆشی زۆر کردەوە و ژانو ئێشو تاڵوتفتی زۆریان کردە دڵیەوە ، گرنگترینی ئەوانە برێتیبوو لە شەڕی ناوخۆو لەتبوونی پ.د.ک ، تێکشکانی شۆڕشی ئەیلول ، دروستبوون و هەڵوەشانەوەی پارتی شۆڕشگێری کوردستان ، تیاچوونی بارزانییەکان ، ئەنفال و هەڵەبجەو قەتڵوعامکردنی کورد ، شەڕکردن لەگەڵ حزبە کوردستانییەکانی تر لە بەشەکانی تری کوردستان ، هاوکاریکردن و دەست تێکەڵاوکردن لەگەڵ دوژمنانی ناوەوەو دەرەوەی کوردستان ......تاد هەر ئەم خەتاوهەڵانە بوو سەرکردایەتی کوردی لاواز کردو بە لاوازیش هێناینێوە سەر گۆرەپانی سیاسی ، نموونەی ئەمە نەدەبوو ڕازیببن بە وەی کێشەی کەرکوک بە شێوەیەکی دەستووری و قانوونی چارەسەربکرێت و بخرێتە دەنگدانەوە کە وەکوو خەیاڵوخەوی لێهاتووە و ئەوسەری دیارنییە ، چونکە دەنگدان بۆ کەرکوک گومان بۆ شارەکە پەیدادەکات و ئەوە پیشاندەدا کە تۆ خۆت دڵنیانیت لەوەی شارەکەی خۆت ( کەرکوک ) شارێکی کوردستانییە یان نا !! ، ئەوان دەبوایە لەیەکەم ڕۆژەوە کەرکوکیان وەکوو سلێمانی ، هەولێر ، دهۆک مامەلەبکردایە و لەسەر ئەوە پێیان دابگرتایە کە سنووری فیدرالی کوردستان لە شاخەکانی حەمرینەوە دەست پێدەکات و ئەگەر شاری کەرکوک دە کوردیشی تێدابیت ئەوا هەر شارێکی کوردستانییە چونکە دانیشتوانەکەی دەرپەڕێنراوە یان ڕاگوێزراوە ، ئەمەجگە لە سیاسەتی بەعەرەبکردن و بەعسکردنی شارەکە . هەڵەیەکی تری کوشندە و گەورەی سیاسی سەرکردایەتی کورد لەوەدایە ، لەوەتی دروستبوون حسابیان بۆ میللەت نەکردووە و پەراوێزیان کردووە لە بریاردانددا ، لوتبەرزو خۆبەزلزان بوون ، کەچی لەئاستی دوژمنەکانماندا تەواو بەپێچەوانەی ئەمەوە بوون ، قەت دانیان بەهەڵەکانی خۆیاندا نەناوە و پێشیان خۆش نییە پەنجە بۆ هەڵەکانیان درێژبکەیت ، نەیانویستووە و نایانەوێ گرێ کوێرەکان بکەنەوە و ڕاستوڕەوان بدوێن بۆ خەڵکی سەبارەت بە دیتن و چاوپێکەوتنو کۆبوونەوەکانی پشتی پەردەوە لەگەڵ بەرپرسەکانی عێراق و دەوڵەتانی ئەمەریکاو بەریتانیا و دراوسێ ، لێناگەرێن لەناو مەلەفە شاراوەکان بێنەدەرەوە و بە سنگێکی فراوانەوە ، ڕوون و ئاشکرا قسەبکەن بۆ جەماوەر ، پێیان نەنگە بە خەڵکەکە بڵێن : ئەمە دەسەڵات و سنوور و توانای ئێمەیە و فشاری ئیقلیمی و نیودەوڵەتی زۆر لەسەر ئێمەهەیە ، لەبەرئەوە لەمە زیاترمان پێناکرێ و بۆ هەڵناسوڕێ ! . یان بە پێچەوانەوە ئەوکاتانەی فشار دەچێتە سەریان سەبارەت بە سازشکردن لەسەر مەسەلە گرنگ و چارەنووسسازەکان ، نایانەوێ بە هاوپەیمانەکان و نەیارەکانمان بڵێن : ئێمە میللەتێکمان هەیە و دەبێ پرسوڕا بەوان بکەین تا بریاری خۆیان بدەن !! .

کەواتە ڕاست نییە ئەوان یەکودوو خۆیان بدەن بەدەستەوە و پاشەکشەبکەن لەمەسەلە چارەنووسسازەکان و ڕازی ببن بەوەی نەیارەکانی ئێمە نەخشەیان بۆ کێشاوەو خۆیان بۆئامادەکردووە و پێی لەسەر دادەگرن ، نابێ و ناکرێ هەمووجارێک وەکوو کەسانی گەشبین ، بێباک ، لەخۆڕازی ڕوونکردنەوە بدەنە خەڵک و وای پیشانبدەن کە هەموو شتێک باشەو بەدڵی خۆیانو میللەتە ، کەچی لەواقیعدا قسەکان هیچی بەسەر هیچەوە نییە ، چونکە هیچ دیارنییە ! ، خەڵکیش تێریخواردووە لەوقسانەو زیاتر کرداریان دەوێت! . بەگشتی ئەم مامەلەو کردارو رەفتارانە زۆرکەوتووە لەسەر دەسەڵاتی

سیاسی لەکوردستاندا چونکە ئیستا میللەتەکەمان لەجاران زیاتر چاوکراوەو هوشیارترەو بەباشی دەزانن کارەکان رووڵەکویدەکات ، هەرئەمە وایکردووە کادیرو بەرپرسەکانی حزب و حکومەت لەخوارخۆیانەوە ، وەکوو سەرووی خۆیان هەڵسوکەوتبکەن و سووک مامەلەی میللەت بکەن و داوایان لێبکەن لەخزمەتی ئەواندابن و بەرژەوەندییەکانیان بپارێزن .

میللەتی کۆسۆڤۆ لە یۆگۆسلاڤیای کۆن لەکاتی خۆیدا لەکورد زیاتر فشاریان چووە سەر بە تایبەتی فشاری ئەمەریکا و روس و سەربەکان بۆئەوەی دەست لەمەسەلە چارەنوسسازەکانی خۆیان هەڵگرن و داوای دەوڵت نەکەن ، بەڵام سەرکردەکەیان عەلی عیززەت گۆبۆڤیچ بایی موویەک نەهاتەخوارەوە لە خواستی گەلەکەی و کە مردیش هەموو گەلی کۆسۆڤۆ بۆی ڕژانە سەر شەقامەکان و ئیستایش لەگەڵ ئەوەی ڕوس و سەربەکان هەر ڕیگرو کۆسپی گەورەن لەبەردەمی ئەواندا و بەردەوامن لە دوژمنایەتیکردنی گەلی کۆسۆڤۆ ، کەچی ئەو میللەتە قارەمانە هەر سوورە لەسەر ئەوەی کۆسۆڤۆ ببێتە دەوڵەت و بانگەشەی سەربەخۆیی خۆی بکات .

چاودێرە سیاسییە بیانییەکان لەناوەوەو دەرەوەی وڵات ، بەرپرسەگەورەکانی دنیا ، بەتایبەتی هی وڵاتە زلهێزەکان ، ئەوانەی بریار لەدەستیاندایە لەسەر داهاتووی ناوچەکە، کە ئەم دیمەنە شێواوەی کوردو سەرکردایەتییەکەی دەبینن ، دەستبەجێ وێنەیەکی پێچەوانە لە مێشکیاندا درووست دەبێت و خەمساردی خۆیان پیشاندەدەن و بۆیان زەحمەت دەبێت پشت بەو وێنەیە ببەستن و بریاری ستراتیژی لەسەربدەن ، هەڵبەتە زۆر گرنگە بۆ ئەوان بزانن کورد تا کوێ بەپەرۆشوسوتاوە بۆ کێشەکەی خۆی ، بۆ مەسەلە چارەنووسسازە پیرۆزەکان و کەی دەستهەڵدەگرێ لەڕاکردن و تەپوتۆزکردن لەپشتی ڕووداوەکانەوە ! و چاوەڕوانی ئەوەدەبێت چییان پێبوترێ جێبەجێیبکەن نەک چییان بوێ کە بۆیان جێبەجێبکرێ !! .

وەکوو پێشتر ئاماژەم پێکرد ، شانبەشانی فاکتەرە ناوخۆییەکان ، کۆمەڵێ فاکتەری عێراقی و ئیقلیمی و نیودەوڵەتی هەن کە کەکۆسپ و هەڕەشەی گەورەن لەبەردەم کێشە ڕەواکەی ئێمەدا و لە هەموو جارێکدا لەگەڵ هەر بۆپێشەوەچوونێکدا سەبارەت بە دەستکەوتە نەتەوەییەکانمان ، لێمان ڕاستدەبنەوە و تێمانەوەدەئاڵین و زەمینەی دەستوەردانە کاروبارەکان خۆشدەکەن و لە سنوورێکدا راماندەگرن ، کوردیش لەبەرئەوەی پەرتوبڵاو و داگیرکراو بووە و هیزێکی سیاسی و ئابووری و سەربازی گەورە نەبووە تا حسابی بۆبکەن ، لەبەرئەوە زلهێزەکان بەئارەزووی خۆیان چی لەقازانج و بەرژەوەندییان بووە وەهایان لەگەڵدا کردووە .

شەڕی یەکەمی جیهان (کە دەروازەیەکە بۆچوونە ناو بابەتەکەمان) لەساڵی 1914 دا هەڵگیرسا بۆ دابەشکردنەوەی جیهان لە نێوان زلهێزەکان خۆیاندا لەسەر حسابی ئیمپراتۆری عوسمانی کەبە پیاوە نەخۆشەکە ناسرابو و کوردستانیش بەشێک بوو لێی و ئەهمیەتێکی تایبەتی هەبوو بەتایبەتی دوای ئەوەی لەساڵی 1927 دا نەوتی تیا دۆزراەیەوە .

ئینگلیزەکان هەمان ساڵ (1914) بەهێزێکی زۆرەوە لەکەنداوەوە هێرشیانکردە سەر ویلایەتی بەسرە و هاتنە ناوەوە و بەرەنگاری هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی بوونەوە ، پاش شەڕو کوشتارێکی زۆر لەهەردولا توانییان ( فاو ، بەسرە ، قورنە ) بگرن و دواجاریش لەساڵی 1917 دا پاش قوربانییەکی زۆر ، بەغدا کەوتە ژێردەستیانەوە و بانگەشەی ئەوەیاندەکرد کەهاتوون خەڵکەکە ڕزگاربکەن لە زوڵم و ستەمی دەوڵەتی عوسمانی ، نەک داگیرکردنی وڵاتەکەیان .

لەولاشەوە روسەکان لەپێش بەرپابوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917 دا چاویان بریبوە کوردستانی ڕۆژهەڵات و ژوروو ، ئەگەر دەستی بدایە بۆیان ، هەموو کوردستانی ژێردەسەڵاتی عوسمانییان بۆخۆیان دەویست . بەریتانیاو فەرەنساش چاویان بریبووە ولایەتی موسل کەهەمووی کوردنشین بوو . ڕۆژی 26 ی نیسانی 1916 فەرەنساو ڕوسیا ڕێککەوتنێکی تایبەتییان لەبارەی دابەشکردنی هەندێ ناوچەی ئاسیایی ئیمپراتۆری عوسمانییەوە مۆرکرد ، پاش ماوەیەکی کەم بەریتانیاش رەزامەندی خۆی لەسەر پیشاندا . لە 9 ی مارت و 16 ی مایسی 1916 دا بەریتانیاو فەرەنسا پاش دانوستان و کۆبوونەوەی زۆری نێوان هەردولا پەیمانی سایکس بیکۆیان ئیمزاکرد کە لەنازناوی ( مارک سایکس ی ئینگلیز و جۆرج بیکۆی ی فەرەنسییەوە ) هاتووە ، بەپێی پەیماننامەکە کوردستانی تورکیای ئەمڕۆ بۆ ڕوسەکان دانرا و ویلایەتی موسلیش بۆ فەرەنسا کە دواتر ئینگلیزەکان پێ قایل نەبوون . هەر هەمان ساڵ 1916 شەریفی مەککە ، حسێن کوڕی عەلی بەهاوکاری ئینگلیزەکان شۆڕشی حیجازی بەرپاکرد دژی دەوڵەتی عوسمانی و بوو بە پادشای حیجاز ، بەپێچەوانەی کوردو

شیعه كه شۆڕشی 20 یان بەرپاكرد لەدژی ئینگلیزەكان و دوایی شكستیان هێنا . ( من بەش بەحاڵی خۆم زۆرجار ئەمەی خوارەوە بە بیرمادێت : تۆبڵێی ئەو باجەی شیعەو كورد دایان و ماوەی 83 ساڵ دەرگای دەسەڵاتیان لێداخرا لە كوردستان و عیراقدا ، هی ئەوە نەبێ كەهەردولا بەشدارییانكرد لە پەلاماردانی هێزەكانی ئینگلیز لە شوعەیبە لەساڵی 1915 دا ، هەروەها شۆڕشی 1920 و چەند لەتوانایاندا هەبوو لە ئینگلیزەكانیان كوشت !؟ یان ئینگلیزەكان خۆیان هیچیان پێنەبوو بۆ كوردوشیعە !!؟ ) .

ساڵی 1917 شۆڕشی ئۆكتۆبەر بەرپابوو ، ڕووسەكان شەڕیان ڕاگرت لەگەڵ توركەكاندا و لە 3 ی مارتی 1918دا پەیماننامەی بریست لیتوفیسك_ یان مۆركرد لەگەڵیاندا و بریاریاندا هێزەكانیان بكشێننەوە لە ناوچەكانی ئەرزرۆم ، قارس ، وان و گەلێ شوێنیتر كەبەدەست ئەوانەوەبوو ، بۆ وڵاتی خۆیان . ئەمە بۆ ئینگلیزو فەرەنسابیەكان وەكوو شایی و زەماوەند وابوو چونكە مەیدانەكە چۆڵبوو بۆخۆیان تا بە ئارەزووی خۆیان تەراتێنی تێدابكەن و دابەشیبكەن .

ساڵی 1918 شێخ مەحمود بوو بە حاكمی سلێمانی و ئینگلیزەكانیش بۆ پیرۆزبایی ئەو چوونە شاری سلێمانی ، پەیوەندییەكانی نێوان شێخ و ئینگلیز تادەهات بەرەو خراپی دەڕۆیشت و كار گەیشتە ئەوەی ساڵی 1919 شێخ مەحمود هێزەكانی خۆی كۆبكاتەوە لەدەبەندی بازیان ، پاش شەڕو پیكدادانێكی زۆر شێخ بریندارەبێ و دەكەوێتە دەست ئینگكیزەكان و دەیدەنە مەحكەمەیەكی عورفی لە بەغدا و حوكمی ئیعدامی بەسەردا دەدەن ، بەڵام نەیانوێرا ئیعدامی بكەن و ڕەوانەی هیندستانیان كرد ، لەوێش بەهۆی فشاری كوردو ناڕەزایی خەڵكی كوردستانەوە زۆری نەبرد هینایانەوە بۆ كوردستان .

هەرلەساڵی 1919 دا ژەنەڕاڵ شەریف پاشا بەشداریكرد لە كۆنگرەی ئاشتی لەپاریس و بیرخەرەوەیەكی پێشكەشكرد لەسەر كورد ، ساڵێك دوای ئەوە كورد و ئەرمەن بیرخەرەوەیەكیان دا بە دەوڵەتە سوێندخوارەكان كەئەنجامی ئەم دووتەقەلایە مۆركردنی پەیمانی سیڤەر بوو سەبارەت بە دامەزراندنی دەوڵەت بۆ كوردو ئەرمەن ( بەندەكانی 62 ، 63 ، 64 ) بەڵگەی ئەم ڕاستییەن كە دوایی بەپیلانێكی نێودەوڵەتی نێوان توركیاو بەریتانیا بەناوی گۆنگرەی لۆزان بۆ ئاشتی مەسەلەی ولایەتی موسڵ_ یان لە بەرنامەی كۆنگرەكە هێنایەدەرەوە و لە 1923/07/24 دا پەیمانێكیان مۆركرد و لە هەموو بەڵینەكانی پێشوویان پەشیمانبوونەوە كەلە پەیمانی سیڤەردا دابویان بە كورد .

ئەیلولی ساڵی 1920 كۆنگرەی گەلانی ڕۆژهەڵات لەباكۆ گیراو 8 نوێنەری كورد بەشداری تیاكرد ، هەرساڵی 1920 ئینگلیزەكان و فەرەنسابیەكان لە كۆنگرەی سان ریمۆن لە ئیتالیا ڕیككەوتن لەسەر ئەوەی عیراق و فەلەستن بۆ ئینگلیزەكان بێت و سوریاو لوبنانیش بۆ فەرەنسا بێت بەو مەرجەی بەڵینەكەی بلفۆری تیا جێبەجێ بكرێت سەبارەت بە دامەزراندنی دەوڵەتێك بۆ جولەكە .

ناكۆكی و ململانێكانی نێوان خەڵك و ئینگلیزەكان تادەهات ڕووی لەهەڵچوون بوو ، توركەكانی سەربە دەوڵەتی عوسمانی بەناوی ئیسلامەوە هانی خەڵكەكەیاندەدا شەر لەگەڵ ئینگلیزەكان بكەن كە شێوەێ ئایینی بە خۆوە گرتبوو وەكو ئەوەی بچن بۆ غەزا ، بۆیە لەسەرەتای بەهاری 1920 دا شۆڕش دەستیپێكرد ، لە پیشانا لە فوراتی ناوەڕاست ، دوایی نەجەف و كەربەلا و بەغدا و باقوبە و شارەبان و ناوچەكانی خانەقی و كفری و گەلێ شوێنی تری گرتەوە و هەزاران كەس چەكیان هەڵگرت ، بەڵام لە هاوینی هەمان ساڵدا پاش بەكارهێنانی چەكی قورس و كوشتارێكی زۆر ، ئینگلیزەكان توانییان شۆڕشەكە دامركێننەوە .

لەدوای ڕووداوەكانی 1920 ئینگلیزەكان بیریان لەوەدەكردەوە ئاشتی بەرقەرار بێ و خۆیان دووربخەنەوە لەچارەسەری سەربازی و لەهەوڵی دامەزراندنی حكومەتێكدا بوون كەئەركەكانی ئەو قۆناخە بگرێتە ئەستۆ و بەرژەوەندییەكانیان بپارێزێ . لە 15 ی مارتی 1921 دا لەسەر داوای وەزیری كۆلۆنییەكان ( شەرشل ) لە قاهیرە كۆنفرانسێك بەسترا و باسی كێشەی عێراقی تێداكرا ، هەرلەو كۆنفرانسەدا بریاریاندا كە فەیسەڵ كوڕی شەریفی مەككە ( حسێن كوڕی عەلی ) كەلەبنەماڵەی هاشمی بوو بكەنە پادشای عێراق . ( ناوبراو سەركردەی گشتی سوپای عەرەبەكان بوو لە فەلەستین و ویستیان بیكەنە پادشای سوریا ، بەڵام بەهۆی هاتنەناوەوەی سوپای فەرەنسا بۆ سوریا ، جێی ئەو نەبۆوە و دەریانكرد ).

ساڵی 1922 بەریتانیا و حكومەتی عێراق لەبەیانێكی هاوبەشدا پشتگیری لە دامەزراندنی حكومەتێكی كوردی دەكەن بۆ

وەستانەوە ڕووبەڕووی تورکەکان ، ئەوەبوو لەمانگی تشرینی دووەمی 1922 دا شێخ مەحمود ئاڵای کوردستانی بەرزکردەوە و بانگەشەی بوون بە مەلیکی کوردستانی کرد . ساڵێک دوای ئەوە ( 1923 ) پەیوەندییەکانی نێوان ئینگلیز و شێخ هەمدیسان تێکدەچێتەوە و بەبۆردومانکردنی شاری سلێمانی کۆتایی دێت .

ساڵی 1925 کۆمەڵەی گەلان هاتنە کوردستان بۆ پرسوڕاکردن لەسەر مەسەلەی ساخکردنەوەی ولایەتی موسل بەڵام هیچیان بە هیچ نەکرد . هەرلەوساڵەدا کوردستان لکێنرا بە عێراقەوە و لە ساڵی 1926 دا پەیمانی سێقۆڵی نێوان عێراق و تورکیا و بەریتانیا مۆرکرا دژی کورد و هێشتنەوەی کوردستان وەکوو خۆی . لەوکاتەوە خەڵکی کوردستان لە خەباتێکی بێوچاندا بوون دژی ئینگلیز کەلە ساڵی 1930 دا بە شەڕی بەردەرکی سەرا کۆتاییهات . ئەمەی سەرەوە بەشێکی ئێجگار کەمە لە مێژووی داگیرکردنی عێراق و گەمەی سیاسی زلهیزەکان سەبارەت بە دابەشکردنی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان خۆیاندا و لەناوئەوانەش کوردستان و دواتریش بەتاڵانبردنی سامانەکەی . بێگومان ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیاو فەرەنسا و تورکیا پڕێتی لە دۆکومێنتی لەوبابەتە .

ئەوەندەی پەیوەندی بە عێراق و کوردستانەوە هەبێت ، زلهێزەکان گوێیان نەداوە بەوەی خەڵکەکە چییان ویستووە یان دەوێت ، پشتیان نەیەشاوە بەوەی چەند لە خەڵکەکەی دەکوژرێت و تیادەچێت و ماڵی وێران دەبێت ، ئەمان بەناوی ڕزگارکردنی خەڵکی عێراق لە زوڵموزۆری ئیمپراتۆری عوسمانی هاتنە ناوەوە وەکوو ( ڕزگارکەر نەک داگیرکەر !) تا وردە وردە پاش شەڕو پێکدادان و ڕشتنی خوێنی زۆر توانییان کۆنترۆڵی عێراق بە کوردستانیشەوە بکەن . ئینگلیزەکان دەیانزانی لە عێراقدا سێ پێکهاتەی شیعە ، سوننە ، کورد هەیە ، کەچی بە فروفێڵ و فریودان و پەنابردنە بەر زەبروزەنگ و بەکارهێنانی چەک و خوێنڕشتن ، بەزۆر لکاندیانن بەیەکەوە ، بۆنمونە لە ساڵی 1925 دا کۆمەڵەی گەلان هاتنە کوردستان بۆ پرسوڕاکردن بەخەڵک ، تابزانن میللەت دەیەوێ لەگەڵ عێراقدا بمێنێتەوە ، یاخود جیاببێتەوە ، ئەوان پرس و ڕایان بە توێژێکی دیاریکراوی وەکوو سەرۆک هۆزوخێڵ و بازرگان و دەوڵەمەند و شێخ و مەلا کرد و میللەتەکەیان پشتگوێ خست ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانەی سلێمانی وکەرکوک پێوەلکاندنیان قەبوڵ نەبوو ، بەپێچەوانەی ئەمەوە هەولێروموسلیش دەیانویست لەگەڵ عێراقدا بمێننەوە بەومەرجەی خۆیان ، خۆیان بەرن بەڕیوە، چەندەهاجار بەڵێنی دامەزراندنی دەوڵەتیان داوە بەکورد کەچی لە فریودان و درۆ بەولاوە چیتر نەبوو .

سەرکردەی ئەوسەردەمە شێخ مەحمودی حەفید بوو کەلە ناکۆکی و ململانێیەکی بەردەوامدابوو لەگەڵ ئینگلیزەکاندا ، دادو بێدادی بوو لەدەستیان بەهۆی بەڵین و درۆو فریودانی ئەوانەوە ، سەری لێتێکچوبوو نەیدەزانی بەلای کامیاندا خۆی ساخ بکاتەوە ، ئینگلیزەکان یاخود تورکەکان . ئەو ناچاربوو لەساڵێ 1923 دا نامەیەک بۆ شوورەوی بنێرێت پاشئەوەی بڕوای لەق بووبوو بە ئینگلیزەکان ، بەڵام وەڵامی ئەونامەیە دیارنییە. لەجارێکیتردا نامە دەنێرێ بۆ حسێن کوڕی عەلی لە حیجاز بۆئەوەی نێوانی خۆیی و ئینگلیزەکان چاکبکاتەوە ، بەڵام ئەویشیان سوودی نەبوو ، شێخ مەحمود لەگەڵئەوەی هەڵەی زۆری هەبوو ، ڕەق و وشک بووە لەگەڵ ئینگلیزەکاندا ، بەڵام حکومەتی بەریتانیاش بەڕەسمی بەرنامەیەکی ئاشکراو فەرمییان نەبووە سەبارەت بە دامەزراندنی دەوڵەتێک بۆ کورد و لە درۆو پاشگەزبوونەوە لە نوسراوو دۆکومێنتە رەسمییەکان بەولاوە هیچیتریان لەدەست نەهاتووە ، تەنانەت ڕێزیان لە مەبدەئەکانی سەرۆک ویلسن ی ئەمەریکایش نەگرت کەلە 1918/01/18 دا بڵاوی کردەوە و لە چواردە خاڵدا مەرجە سەرەکییەکانی ئاشتی لە جیهاندا دەستنیشانکردبوو ، بەندی دوازدەیەم دەستەبەری ( مافی ئۆتۆنۆمی ) بۆ نەتەوە نا تورکەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆری عوسمانی دەکات .

ئەوانەی سەرەوە بەشێکی گرنگ بوون لە هۆکارە نێودەوڵەتێکە کە نەیانهێشتووە کورد ببێتە دەولەت و بێگومان زلهێزەکان چ ئەوسا و چ ئێستا بیریان لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان کردۆتەوە لە ناوچەکەدا ، بۆنموونە لەدوای ڕووخانی ئیمپراتۆری عوسمانی ، گەمەی سیاسی لەسەر دابەشکردنی ناوچەکە زیاتر لەدەستی رووسەکان و فەرەنساییەکان و ئینگلیزەکاندا بوو ، ئەوان خاوەنی بریاربوون لە پێکەوەلکاندنی سنوورەکان یاخود هەڵوەشاندنەوەیان .

لە پێش بەرپابوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917 لەشکری ڕووس هاتبوە ناو تورکیاوە و بەشێکی کوردستانی بەدەستەوە بوو ، ئینگلیزەکان دەیانویست شتێک بۆ کورد بکەن تا بیانکەن بەگژ ڕووسەکاندا ، بەڵام دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر ڕووسەکان

کشانەوە وڵاتی خۆیان و ئینگلیزەکانیش وازیان لەو پرۆژەیە هێنا شتێک بۆ کورد بکەن و لەهەمانکاتیشدا دەترسان ببنە دراوسێی ڕووسەکان ، بۆیە هاتن لەگەڵ تورکەکان ڕێککەوتن لەسەرئەوەی ولایەتی موسل وەکوو خۆی بمێنێتەوە و هیچیش بۆ کورد نەکرێت . تورکەکانیش جگەلەوەی توانییان کورد هەڵخەڵەتێنن و شەڕی یۆنانییەکانیان پێبکەن و لە خاکی تورکیا دەریانپەڕێنن ، لە دوژمنایەتییەکی بەردەوامی کوردا بوون و لەهەموو ئەو بەڵێنانە پەشیمانبوونەوە کە خودی مستەفا کەمال لە پێش شەڕی یۆناندا دابووی بە کورد .

ئەمانە بە گشتی ئەوە دەردەخەن کە کورد لە کاتی خۆیدا جگەلەوەی پاڵپشتی نەبووە و بێ کەس بووە ، دیپلۆماسییەتیشی نەبووە یان لێی تێنەگەیشتووە ، یان لاواز بووە بەرامبەر بە زلهێزەکان و هەمیشە پەنای بردۆتە بەر چەکهەڵگرتن بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەوان و شەڕی هەموو لایەکانی ( ڕووس ، ئینگلیز ، تورک ) ی کردووە بەبێئەوەی حسابی زەرەرو قازانجی خۆی بکات ، جگەلەوە ڕاپەرینەکانی شێخ مەحمود حزبێکی سیاسی لەدواوە نەبووە و زیاتر شێوەی خێڵەکی و ئایینی بەخۆوە گرتبوو ، بۆ نموونە موناسەبە چییە هێزێکی چەکداری هەزارسوارەی کورد بە سەرکردایەتی شێخ مەحمود لە ساڵی 1915 دا بگاتە شوعەیبە و شەڕی ئینگلیزەکان بکات ، ئەمە لەکاتێکدا کێشەی عێراق نەکەوتبوو بەلایەکدا و حکومەتی عێراق هەر دروست نەبووبوو ، جگەلەوەی هیچ شتێک نەبوو کورد و عێراق و عەرەب کۆبکاتەوە لە ئایینی ئیسلام بەولاوە کە تورکەکان بانگەشەیان بۆدەکرد دژی ئینگلیزەکان . هەر ئەمە ئەوەمان بیردەخاتەوە کە سەرانی کورد لە شەستەکان و حەفتاکاندا ، واتە هەردو شەڕی 1967 و 1973 ی نێوان عەرەب و ئیسرائیل کردیانە هاوار و شیرە شیر دژی ئیسرائیل و سایۆنیزم و ئیمپریالیزم . لەپاڵ ئەم هەڵانەی سەرەوەدا کورد بۆخۆیشی دواکەوتوو و خۆشباوەڕ بووە و چییان پێوتووە خێرا بڕوای کردووە ، ئەگەنا موناسەبە چییە کورد بە قسەی مستەفا کەمال هەڵخەڵەتێ و بچێ شەڕی یۆنانییەکان بکات .

بە درێژایی مێژوو کوردستان دووجار دابەشکردنی بە خۆوە بینیوە ، یەکەمیان لەساڵی 1514 دا پاشئەوەی هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی بەسەرکردایەتی سوڵتان سەلیم بەسەر هێزەکانی شا ئیسماعیلی سەفەویدا سەردەکەوێت لە شەڕی چاڵدێراندا ، دووەم بەپێی پەیمانی سایکس- بیکۆی نێوان فەرەنساو بەریتانیا لەساڵی 1916 دا کە بەو پێیە عێراق و فەلەستین بەر ئینگلیزەکان دەکەوێت . لەهەردوجارەکەدا بەهۆی ئەوەی کوردستان مەیدانی تەراتێنی ئەم زلهێزانە بووە جگەلە باری جیوپۆلیتیک و ستراتیژی ناوچەکە خۆی ، هەروەها بەهۆی ئەوەی کورد بێدەسەڵات بووە و هێزی لەدەستدا نەبووە ڕووبەڕووی نەیارەکانی بوەستێتەوەو لەگەمە سیاسییەکانیش بەباشی تێنەگەیشتووە و هەمیشە دۆڕاوبووە ، بەهۆی ئەمانەوە دەبینین کوردستانەکەی ئێمە وەکوو خۆی مایەوە و کێشەی نەتەوەکەمان بۆتە خاڵێکی هاوبەشی گرنگی نێوان ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە بەتایبەتی و دواتریش هەموو دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و کارێکی وەهای کردووە تیکڕای ئەو دەوڵەتانە ئەگەر لەسەر هیچ کۆک نەبن ئەوا لەسەر ئەوە کۆکن کە نابێ کورد ببێتە دەوڵەت ! .

هەرچی عێراق و سوریایە بە پشتی دەوڵەتە عەرەبییەکانی تر و جامیعەی عەرەبی پێیان وایە کە کوردستان بەشێکە لە خاکی عەرەب و نابێ بستێکی لێ جیاببێتەوە ، ئەمانە بڕوایان بە شتێک نییە کە ناوی کوردستان بێت و کورد بە بێگانە دەزانن لەسەر خاکەکەی خۆی ، لەسوریا هەقی هاوڵاتیبوونیشیان نادەنێ ! شۆڤێنیستە عەرەبەکان لەکاتی خۆیدا ، ئێستایش لەسوریا ، چییان لەدەست هاتبێ لەدژی کورد کردوویانە و لەمەودوایش ئەگەر بۆیان دەستبدات لەجاران خراپتر دەکەن . ئەم دوو دەوڵەتە توانیویانە هاوکاری و پشتگیری هەموو دەوڵەتە عەرەبییەکانیتر بۆ خۆیان مسۆگەربکەن و بەهەموویان ئابڵووقەی کوردیان داوە . لەلایەکی ترەوە لەبەرئەوەی ئەمانە سەرچاوەیەکی وزەی گەورەن لە دنیادا و ئەمەریکاو دەوڵەتانی تری ڕۆژئاوا پێویستی بەوانە جگە لە ئیلتیزاماتی ئابوری ، بازرگانی ، دیپلۆماسی ، لەبەرئەوانە توانیویانە زەرەری زۆر لە کورد بدەن و ڕێگەی چوونەپێشەوەی لێبگرن .

دووەوڵەتەکەی تریش ، ئێران و تورکیا کەبەشێکی گەورەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە لەمان باشترنین ، هەرچی دەوڵەتی ئێرانە لە پێنج نەتەوەی عەرەب ، کورد ، ئازەر ، بلوچ ، فارس پێکهاتووە ، مەلاکان لە ئێران لەگەڵئەوەی کۆمارێکی ئیسلامی بەڕێوەدەبەن و پەیڕەوی مەزەبی شیعە دەکەن ، کەچی بەکردار سیاسەتی پان ئێرانیزم ی حەمەرەزا

پەهلەوی پیادە دەکەن و دەیانەوێ هەموو هاوڵاتییەک خۆی بە ئێرانی و موسڵمان بزانێ و باسی کێشەی نەتەوەیی نەکات کە سەرئێشەیە بۆ ئەوان ، بەپێچەوانەوە پەلاماری دەدەن و چییان لەدەست بێت بەرامبەری دەیکەن ، بەڵگەی ئەم ڕاستییە پەلاماردان و ڕوخاندنی کۆماری مەهاباد بوو کە 22 ی کانوونی دووەمی 1946 دامەزرا و یازدە مانگ لەسەر قاچی خۆی وەستا .

لە تورکیاش لەسەردەمی ڕووخانی ئیمپراتۆری عوسمانی و سەرهەڵدانی بیری شۆڤێنی و نەتەوە پەرستی کەمالیستەکانەوە ، حکومەتی تورکیا چی لەدەستهاتبی لە قەتلوعامکردنی کورد ، ڕاگوێزان و دەرپەڕاندنی دەیانهەزار کورد لە شوێنی خۆیان ، کردوویانەو بەمەیش نەوەستاونەتەوە و کوردیان بە تورکی شاخاوی ناساندووە بە میللەتەکەی خۆیان و منداڵی شیرەخۆرەو سەربێشکەشیان وەها پەروەردە کردووە کە لە ڕەگەزی تورک بەولاوە هیچ ڕەگەزێکی تر نییە لەسەر خاکی تورکیا ، بۆیە ئەوان ( گەل و حکومەت و سوپا ) دژی کوردن و وازووش دەستهەڵناگرن ! . جگەلەمانە تورکەکان لەساڵی 1915 دا قەسابخانەیەکیان بۆ ئەرمەنەکان دانا و ملیۆنێک زیاتر ئەرمەنیان سەربڕی و پەڵەیەکی ڕەشی پیسیان نا بەتەوێڵی خۆیانەوە کە ئێستایش پاش 90 ساڵ بیرنەچۆتەوە و ناوبەناو سەر هەڵدەداتەوە لە ئەوروپا ، بەتایبەتی لە فەرەنسا .

لەلایەکیترەوە تورکیا جێگایەکی ستراتیژی گرنگی هەیە و ئاسیای ناوەڕاست و قەفقاس و روسیا و ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەریای سپی ناوەڕاست بەیەکەوە دەبەستێتەوە ، خۆیشی لەمێژەوە ئەندامی پەیمانی ناتۆیە و بنکەی سەربازی ئەمەریکا لە ئەنجەرلیک و زۆر شوێنی تری تورکیا هەیە و پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بازرگانی ، ئابووری لەگەڵ ئەمەریکاو ئیسرائیلدا هەیە و لە ڕۆژانی شەڕی ساردا هاوکاری زۆری ئەمەریکای کردووە و ڕۆڵی گرنگی بینیوە لە ناوچەکەدا دژی سۆڤیەتی جاران و.....تاد لەبەر ئەم هۆیانە دەبینین بەژەوەندی ئەمان و ئەمەریکا لەسەروو بەرژەوەندییەکانی کورد و هەندی وڵاتی ترەوەیە و بایەخێکی تایبەتی هەیە .

تورکەکان لەمێژەوە دژایەتی کورد و کێشەکەی دەکەن و لەهەرجارێکدا گۆڕانێک بەڕێوەبێت کە خێری کوردی تێدابێت ئیتر لەسەر ئاستی ناوخۆیی بێ یان ( ئیقلیمی ، نێودەوڵەتی ) ، خێرا کێچ دەکەوێتە کەوڵیان و نارەزایی و نیگەرانی خۆیان پیشاندەدەن و شاندی خۆیان دەنێرنە بەغدا و کارەکان دەشێوێنن ، وەزیری دەرەوەیان لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئێران ، سوریا ، جارانی عێراق هەمیشە لە پەیوەندی چڕوپڕو بەردەوامدابوون و ڕاوێژی بەردەوامیان بەیەک دەکرد دژی هەموو دەستکەوتێک بۆ کورد و چییان لەدەستهاتبێ لێی نەوەستاون و ئێستایش چاویان هەڵناێ بەم بارودۆخەی ئێستای کوردستان و هەمیشە لەهەوڵی تێکدانیدان ، هەرئەمانبوون چاویان سوورکردەوە لە سوریا و هەڕەشەی هێرشی سەربازییان کرد ، ئەگەر بێتو عەبدوڵڵە ئۆجئالان دەرنەپەڕێنێ لەسەر خاکەکەی کە پیلانێکی سی ئای ئەی ، میت و موساد بوو ، کار گەیشتە ئەوەی حوسنی موبارەکی سەرۆکی میسر ناوبژی بکات و قەناعەت بە حافز ئەلئەسەد ی سەرۆکی سوریا بهێنێ کە عەبدوڵڵە ئوجئالان دوور بخاتەوە لە سوریا ، پاش دەرپەڕاندنی ، بە پیلانێکی تر دەستگیریان کردو بردیانەوە بۆ تورکیا .

تورکیاو ئێرانیش بەحوکمی پەیوەندییە ئابووری و دیپلۆماسی و بازرکانییەکانیان لەگەڵ دنیای دەرەوەدا بە ئاسانی دەستیان دەگاتە زلهێزەکان و لە هەمووکاتێکدا وەکوو دەوڵەتە عەرەبییەکان فشار دەخەنەسەریان و نایانەوێ کورد ببێتە دەوڵەت ، دیارە زلهێزەکانیش ، بەتایبەتی ئەمەریکا ، چەند دۆست و پاڵپشتی کورد بێت کەچی لەوە زیاتر ئیلتیزامی لەگەڵ دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە و نایەوێ لەبەرخاتری چاوی کاڵی کورد دنیا لەخۆی بوروژێنێ ، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە دەوڵەتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کورد زیاتریان پێیە پێشکەشی ئەمەریکای بکەن و خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئەوی پێبکەن . ڕەنگە ئەم بۆچوونانە ڕێژەیی ( نسبی ) بێت و لە هەلومەرجێکی تردا ئەگەر بەرژەوەندییەکانی کوردو ئەمەریکا جووتبوون و گەیشتنە ئاستێکی ستراتیژی وەکوو وڵاتانی تری ناوچەکە ئەوا بێگومان شتەکانیش وەکوو خۆیان نامێننەوە و گۆڕانی بەسەردا دیت .

لەناو دەوڵەتە ئیقلیمییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سعودیە و میسر و ئەردەن ڕۆڵێکی سێکوچکەیی دەگێڕن لە ڕێکخستنی گوتاری سیاسی عەرەبیدا بەسەرکردایەتی سعودییەکان ، هەروەها پاراستن و ڕێکخستنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ

ئەمەریکادا سەبارەت بە ڕووداوەکانی ناوچەکە لەهەریەک لە عێراق و ئێران و فەلەستین و لوبنان ، ئەمانە بە گشتی دیپلۆماسیەتی دووفاق ، دووسەر و دوڕوو پیادەدەکەن کە یەکێکیان دۆستایەتییە لەگەڵ ئەمەریکادا و ئەویتریان پێچەوانەیە و خەریکی ریزکردنی کۆسپن بۆ ئەو و هەرچی ئەو حەزی پێنەکا ئەوان لە پشتەوە دەیکەن لەدژی ، وەکو دەستخستنە کاروباری ناوخۆی ئەو سێ دەوڵەتەی سەرەوە بە خشکەیی و لە ژێرەوە ، کە لەباسی فاکتەری عێراقیدا دێمەوە سەری و باسی لێوەدەکەم .

ئەمرۆ ئەمەریکا پێی ناوەتە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە پاشئەوەی ڕژێمەکانی تالیبان وسەددامی لەناوبرد و زوو بانگەشەی شەڕی دژەتیرۆرو بنیاتنانی ڕژێمێکی دیموکراتی کرد لە ئەفغانستان و عێراقدا ، هەروەها پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی گەورە کە بە حساب عێراق دەبێتە جێپێگەی ئەوان . ئەم سیاسەتە نوێیەی ئەمەریکا بۆ وڵاتانی ناوچەکە بە تایبەتی خەلیجییەکان وەکوو بوومەلەرزەیەک وابوو ( کە من نامەوێ زۆر لەسەری بڕۆم چونکە بابەتەکەمان شتێکیترە ) و هەرهەموویان کەوتنە خۆیان و دەستیانکرد بە پەیوەندی و بیروڕاگۆڕینەوە لەم بارەیەوە ، کارگەیشتە ئەوەی دەلاقەی گەورە گەورە بکەنە پرۆژەکەی ئەمەریکاوە و زۆرشتی ئەو تێکبدەن و دوایبخەن یاخود ڕایگرن ، بەتایبەتی مەسەلەی بەرقەراربوونی ئاشتی لە عێراقدا . بێگومان کێشەی کوردیش بەشێکی گرنگی ئەو سیناریۆیەیە کە دەوڵەتانی ناوبراو بەبایەخەوە حسابی بۆدەکەن بە تایبەتی ئەوان عێراق بە وڵاتی ئیسلام و عەرەب لە قەڵەمدەدەن ، خاکەکەیشی بەبەشێک لەخاکی هەموو نەتەوەی عەرەب دەزانن .

فاکتەری عێراقی شانبەشانی سێ فاکتەرەکەی تر گرنگی خۆی هەیە لە ئالۆزکردن و شێواندنی کێشە ڕەواکەی ئێمە لەناوەوەی عێراق ، هۆی ئەمەیش دەگەرێتەوە بۆ لە دایکبوونی عێراق بە شیوەیەکی شێواو کە کۆمەڵێ کێشەی ئەتنی ، تایفی ، مەزەبی لەگەڵ خۆی هێناوەو هیچیان لەویتریان ناچێت . بێگومان عێراق لە پێش داگیرکردنی ساڵی 1914 وە لە سێ ولایەت پێکهاتبوو ( بەسرە ، بەغدا ، موسل ) شتێک نەبوو ناوی عێراق بێت ، ئینگلیزەکان هاتن بەزۆری هێزو خوێنڕشتن هەر سێ ولایەتەکەیان پێکەوە گرێدا و عێراقی ئەمڕۆیان لێدرووستکرد بەبێئەوەی پرس بە دانیشتوانەکەی بکەن و کەسێکی سوننەیان لە خێزانی هاشمی لەدەرەوەی وڵات هێنا و تاجی شاهانەیان لەسەرسەری دانا و کردیان بە پادشای عێراق و دەسەڵاتیان دایە دەست سوننە کە کەمینەبوون و شیعەو کوردیان پەراوێزکرد وەکوو تۆڵەسەندنەوە و ماوەی 83 ساڵ حوکم لە دەستی ئەواندابوو لە عێراقدا کەبەحوکمی پۆلیس و سوپاو دیکتاتۆرەکان ناوزەد دەکرێت و هەرچی لەدەستیانهات لەدژی خەڵکی عێراق بە کورد و عەرەب و کەمایەتییەکانیترەوە کردیان بۆ خزمەتکردنی پرۆژەکانی خۆیان و ئینگلیز .

ئەوەی پەیوەندی بە کوردەوە هەبێت ، حکومەتی عێراق لە ساڵی 1921 – 1958 وە کەبەسەردەمی پاشایەتی ناودەبرێت چی لەدەستهات بەرامبەر بە کورد لە درۆ و ساختەو دەستبڕین و فریودان کردی ، بەمەیش نەوەستایەوە ، پەنای بردە بەر هێزی سوپا بۆ پەلاماردانی ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحمود ، هەروەها ڕاپەڕین و شۆڕشی بارزانییەکان ( 1931 – 1932 )( 1943– 1945 ) لە ناوچەی بارزان .

سەردەمی حوکمی کۆمارییش لە عێراقدا 1958 – 2003 لەوەی پێش خۆیان باشتر نەبوو ، دەسەڵات هەمووی لەدەستی ژەنەڕاڵەکانی سوپادا کۆبووبۆوە کە لەدوایین جاردا کەوتە دەستی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی و ماوەی 35 ساڵ سیاسەتی تۆتالیتار و فاشیانەیان پیادە کرد و هەر خەریکی قەتڵوعام و لەناوبردنی خەڵکی بوون . ئەمانە بەهۆی ئەوەی ڕژێمێکی شموولی بوون ، کەسیتریان قەبووڵ نەبوو لە عێراق و کوردستاندا ، ئەنفالکردنی خەڵکی کوردستان و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و ونکردنی فەیلییەکان و بارزانییەکان و کوشتن و لەناوبردنی شیعە لەناوەڕاست و خوارووی عێراق چەند نموونەیەکی زیندوون .

بەدرێژایی حوکمی سەردەمی کۆماریی کە 45 ساڵی خایاند ، ڕێکەوتننامەی 11 ی مارت ی 1970 باشترین دەستکەوتی سیاسی بوو بۆ کورد کە چوارساڵ ئاشتی بەرقەرار کرد لە کوردستاندا و دواتر هەر لەلایەن دەسەڵاتدارانی بەعس خۆیەوە پووچەڵ کرایەوە و بەپەلاماری ئەوان بۆسەر کوردستان کۆتایی هات .

لەدوای جەنگی ئێران و عێراق 1980 – 1988 و پەلاماردانی کوێت و داگیرکردنی لەساڵی 1990 دا ، گۆڕانکارییەکی

سیاسی گەورە لە عێراقدا ڕوویدا کە بە تێکشکانی سوپای عێراق لە کوێت و دواجار کشانەوەیان لەوێ کۆتایی پێ هات و دواتریش ناوچەی دژەفڕین لەکوردستاندا سەپێنرا بەسەر ڕژێمی بەغدادا و سەدامیان سووکوچرووک کرد و چۆنیان ویست وەها مامەلەیانکرد .

گەورەترین وەرچەرخانی مێژوویی لەعێراقدا لە ڕۆژی دروستبونییەوە ( 1921 ) ، هێرشەکەی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بوو بۆسەر بەغدا لە ڕۆژی 2003/04/9 دا ، کە بەڕووخانی ڕژێمی بەغداو بەعس کۆتاییهات و پاش 83 ساڵ ، عێراق هەڵوەشایەوە و کەوتە بەردەمی قۆناخێکی سیاسی نوێ ، دەستوور و یاساکانی بەعس و دامەزراوە گرنگەکانی ، وەکوو وەزارەتی ناوخۆ ، بەرگری ، ڕاگەیاندن ، هەروەها ئەمن و ئیستخبارات هەڵوەشانەوە و نرخیان نەما ، پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی عێراق ، شیعە ، سوننە ، کورد و کەمایەتییەکانی تر لە مشتومڕی ئەوەدابوون چۆن عێراق بنیات بنێنەوە چونکە هەڵتەکاندنی ڕژێمی بەغدا بۆشاییەکی سیاسی ، ئابووری ، کۆمەڵایەتی ، ئەمنی گەورەی لە دوای خۆی جێهێشت کە هەتا ئێستایش عێراق پێوەی دەناڵێنێ .

هەوڵوتەقەلاکان و کارەکانی مەجلیسی حوکم بە سەرۆکایەتی پۆل بریمەر و مشتومڕو چاوسوورکردنەوەو سەرپێکەوەنان و و هەڕەشەو گوڕەشە و دەستێوەردانی ئەملاو ئەولا ، زیاتر لە دووساڵی خایاند تا دوایین جار لە ڕۆژی 2005/12/15 دا هەڵبژاردن کرا بۆ پەرلەمانی عێراق و بۆ یەکەمجار لەمێژووی عێراقدا شیعەکان زۆرینەی دەنگەکانیان هێنا و دەسەڵات کەوتەدەستیان و ئیتر لەو ڕۆژەوە سوننەی عێراق ، بەتایبەتی ئیسلامی توندڕەو و نەتەوە پەرستە شۆڤێنیستەکان ، هاواریان لێهەڵساوە و بە پشتیوانی دەوڵەتانی عەرەب و هاوکاریی ئەوان هەموو شتێک ڕەتدەکەنەوە کەلەگەڵ بیرکردنەوەیاندا جووت نەبێت و بەرژەوەندی خۆیانی تیانەبێت ، کە باسیش دێتە سەر کێشەی کورد و مەسەلەچارەنووسسازەکان ، ئەوا ڕاستەوخۆ تۆمەتی جیابوونەوەخوازی و دابەشکردن و لەتوپەتکردنی عێراق دەدەنە پاڵ کورد و ، ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانیش تاوانباردەکەن بە داگیرکەر و داوای چوونەدەرەوەیان لێدەکەن .

سوننەکان تیاچوونی سەددام و ڕژێمەکەی بە تیاچوونی خۆیان لەقەڵەم دەدەن چونکە دەزانن جارێکیتر لە ڕێگای سندووقەکانی دەنگدانەوە ناتوانن دەسەڵات بگرنەوە دەست ، مەگەر ( وەکوو خۆیان خەونی پێوە دەبینن ) بەدەرپەڕاندنی ئەمەریکاو دواتریش بەناوی ئیسلام و عروبەوە ، بە پەنابردنە بەر سوپاو کۆدەتای سەربازی ، لەڕێگەی قەتڵوعامکردنی خەڵکییەوە جارێکیتر دەسەڵات بگرنەوە دەست لە عێراقدا . هەر ئەم بیرکردنەوانەیە کە ئەوانی والێکردووە پەنا بۆ ڕێکخراوی ئەلقاعیدە ، ئیسلامە توندڕەوەکان ، پاشماوەکانی سەددام بەرن و بە یارمەتی خەلیجییەکان ، لەپێش هەموویانەوە سعوودیە ، کە( بیلبیلەی ئاژاوەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ) ، شەڕێکی ناوخۆ بەرپابکەن کە ئەوسەری دیارنەبێ و کارێکی وایان کردووە ڕۆژانە کاری خۆکوژی و تەقاندنەوە و سەربڕینی بەکۆمەڵ دیاری ئەوان بێت بۆ گەلی عێراق .

ناکۆکی و ململانییە خوێناوییەکانی نێوان شیعەو سوننە کە چەند سەدەیەکی خایاندووە ، بە شێوازی دەستووری چارەسەرناکرێت ، بە تایبەتی کە ئێستا شێوەی ئیقلیمیشی بەخۆوە گرتووە ، لەلایەک دەوڵەتە عەرەبییەکان بەسەرکردایەتی سعوودیە پێیان وایە عێراق دەوڵەتێکی عەرەبی و ئیسلامییە ، واخەریکە ( بەهاوکاری شیعەکان ) دەکەوێتە باوەشی ئێرانەوە و پێویستە ڕێی لێبگیرێ و سنوورێکی بۆدابنرێ ، بۆ ئەم مەبەستە چی پێویستە بۆ هاوکاری و یارمەتی سوننەکان لە پشتەوە دەیکەن بۆئەوەی کۆسپ بۆ حکوومەتی بەغدا درووست بکەن ، لەهەمانکاتدا فشار دەخەنە سەر ئەمەریکا بەحوکمی پەیوەندییە جۆراوجۆرەکانیان بۆئەوەی ڕاپیکێشن بۆ سازشکردن لەگەڵ گرووپ و تاقمەکانی پاشماوەی سەددام ، بەڵکو ئەمە خوایە بەڕەکە لە ژێر پێی شیعەکان دەرکێشنە دەرەوە و دەسەڵاتیان لێبسێننەوە!! ، لەلایاکی ترەوە ئێران وەکوو زلهێزێکی ناوچەکە لەمێژەوە خەریکی تەنگەتاوکردنی ئەمەریکایە و هەرجارە لەڕێگای میلیشیاو خەڵکانی سەربەخۆی لە وڵاتانی عێراق ، لوبنان ، فەلەستین دەلاقەیەک دەکاتە سیاسەتی ئەمەریکاوە و کۆسپی زۆری بۆ ڕێزەکات و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بە ئەمەریکا دەڵێ : ئەگەر بەرژەوەندییەکانی من لە عێراق و ناوچەکە لەبەرچاونەگری ، ئەوا بەلایەنی کەمەوە لێتی تێکدەدەم و ڕێگانادەم ئاشتی بەرقەرار بێت لە عێراق و ناوچەکەدا ، لەپاڵ ئەمەدا هەڵپەدەکات پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ دەوڵەتانی خەلیج و عەرەب چاک وبەهێز بکات بە بیانووی ئەوەی عێراق داگیرکراوە و دەبێ

ئەمەریکا بڕواتە دەرەوە لە ناوچەکە چونکە مانەوەی ئەو هەڕەشەیە بۆسەر هەموان ، جگەلەمانە باسی بەرژەوەندی هاوبەش و سەروەری ئەو وڵاتانە دەکات کە نابێ ئەمەریکا دەست وەربداتە کاروباریانەوە .

جالێرەدا ئەمەریکا سێ ڕێگا لەبەردەمیدایە بۆئەوەی کێشەکان بخات بەلایەکدا ، یان ئەوەتا پەنابەرێتە بەر چارەدیپلۆماسییەکان و هەوڵوتەقەلا نێودەوڵەتییەکان ، وەکوو بەستنی کۆنفرانسێک یان کۆنگرەیەک کە زلهێزەکانی ترو دەوڵەتە ئیقلیمییەکانی دراوسێی عێراق بەشداری تێدابکەن و بەرژەوەندی هەمووولایەک پارێزراوبێت کە ئەمەیان زەحمەتە و وەکوو ئەوە وایە ئەمەریکا کاربکات و ئەوانیتر بەری ڕەنج و ماندوبوونی ئەو بخۆن ! ، یان ئەوەتا پەنابرێتە بەر جەنگ و دەست لە ئێران بوەشێنێ و لەوڕێگایەوە ئاشتی بەرقەراربێت و کێشەکان بخرێن بەلادا کە ئەویشیان گەرەنتی تێدانییە چونکە نازانرێ ئەنجامەکانی چۆندەبێت .

ڕێگای سێیەم ئەوەیە عێراق ببێتە سێ کیانی فیدرالی یان کۆنفیدرالی بەهێز لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا و لەژێر سێبەری حکوومەتێکی لاوازدا کەلەمێژەوە قسەی لەسەردەکرێت و لەسەری دەنووسرێت و ڕاوبۆچوونیشی لەسەر ئاڵوگۆڕ دەکرێت لە سەر ئاستی ناوەندە سیاسییەکانی ئەمەریکا و دەرەوەی ئەمەریکا . ڕەنگە ئەمەریکا قەناعەتی بە دابەشکردنی عێراق کردبێت کە بە ڕەسمی دەرینابڕێت و بە چارەسەرێکی باشی بزانێت چونکە دەزانێ پێوەلکاندنی سێ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لەیەکنەچوو کە 83 ساڵی خایاندووە و سەرینەگرتووە ،کارێکی هاسان نییە بۆلەمەودواش سەربگری و کارەکان و هەوڵوتەقەلاکان هەمووی هەڵدەوەشێتەوە ، بە پێچەوانەی ئەمەوە ئەگەر ئەم سێ کیانە سیاسییە بوون بە واقیع بۆ عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، ئەوا لە هەنگاوی دووەمدا جیاکردنەوەی ئەمانە لەیەکتری بۆ سێ کۆماری سەربەخۆ کارێکی ئاسانتر دەبێت و ئەوەندە شیرە شیری لەسەر ناکرێت . بەهەرحاڵ لەیەکەم ڕۆژی هاتنە ناوەوەی ئەمەریکا بۆناو عێراق ، ژمارەیەکی زۆر لە تیرۆریستان و ئیسلامەتوندڕەوەکانی دنیا و ئەندامانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لە عێراقدا کۆبوونەتەوە و کاری تیرۆر ئەنجامدەدەن و هێزەکانی ئەمەریکاش بەشێکی گەورەی شەڕەکانی بەرکەوتووە ، لەولاشەوە شیعە و سوننە لە شەڕێکی خوێناوی ناوخۆدا تێوەگلاون و دەستیان لە ئێخەی یەکتر بەرنەداوە و مەسەلەی بەرقەراربوونی ئەمن و ئاسایش کە یەکێکە لە کێشەکانی ئەمڕۆ هەتا ئێستاچارەسەر نەکراوە

لەهەمووحاڵەتەکاندا ئەمەریکا شەڕی هەڵگیرساندووە بۆئەوەی بیباتەوە ، هاتۆتەناوەوە بۆئەوەی بمێنێتەوە ، کێشەو ئاستەنگ و کۆسپەکان ئەو دەرناپەڕێنن لە عێراق و ناوچەکەدا وەکوو هەندێک بیری لێدەکەنەوە ، ئەمەریکا حەماڵی کەس نییە لەوپەڕی دنیاوە بێتە ڕۆژهالاتی ناوەڕاست و ڕژێمێکی دکتاتۆری خوێنرێژی وەکوو سەددام حسێن بڕوخێنێ و وڵاتەکە وەکوو هێلکەی پاکراو بداتە دەست میللەتەکەی و خوا حافیزی بکات ! ، هەروەها ڕێکخراویکی خێرخوازیش نییە ، دەرمان و خواردن و پێخەف ببەخشێتەوە و بگەڕێتەوە شوێنی خۆی ، ئەمەریکا لەبەر خاتری چاوی کاڵی کەس نەهاتۆتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، نەخێر ! بەڵکو بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی وای لەو کردووە کە هێزی سەربازی ڕەوانەی ئەملاولا بکات ، ماندوو ببێ ، خوێن بدات و بەدەیان ملیار دۆلار خەرج بکات . ئەوکاتە ئەمەریکا عێراق جێدەهێڵێ کە دۆستەکانی لەناوەوە بەدڵ و بە گیان بەرژەوەندییەکانی ئەو لەبەرچاو بگرن و بیپارێزن ، ئەمەیش ئەوکاتە دەبێت کەدەیان ڕیککەتننامە و پەیمانی ستراتیژی و ئابووری لە نێوان حکومەتی عێراق و ئەمەریکادا مۆرکرابێت .

هەموو ئەو فشارانەش کە دەخرێتە سەر ئەمەریکا لەلایەن دیموکراتەکانەوە ، هەمووی بۆ شەڕی هەڵبژاردنەکانە و بۆ ئەوەیە چارەی بوش و کۆمارییەکانی پێگران بکەن لەناوەوە ، ئەگەر دیموکراتەکان خۆیان لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنن ، ناتوانن لەوەی ئێستای بوش باشتر بکەن .

فشارە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکانی تریش هەمووی بڵقی سەر ئاون و هەمووولایەک زۆرچاک ئەو ڕاستییە دەزانن کە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق جگەلەوەی شەڕو ئاژاوەو پێکدادانی گەورە گەورە بە دوای خۆیدا دێنێ ، دۆڕاندن و کەوتنی دیپلۆماسییەتی ئەمەریکاشە لە ناوچەکەو دنیادا و ڕێگەخۆشکردنیشە بۆ ئەوانیتر کە بێن جێگای ئەم بگرنەوە .

**کێشەی کەرکوک و مادەی 140ی دەستوور**

لەوەتی کوردستان دابەشکراوە بۆ چوار پارچەو ویلایەتی موسڵ ( کوردستانی باشوور ) بە زۆر لکێنراوە بە دوو ویلایەتەکەی تری بەغدا و بەسرەوە و دەوڵەتی عێراقیان لێپێکهێناوە ، لەوکاتەوە کەسایەتی کورد تووشی شکستێکی سیاسی گەورە بووە و زوڵمێکی مێژوویی گەورەیشی لێکراوە و گەلی کوردی بەرەورووی ناکۆکی و ململانێیەکی توندوتیژ کردۆتەوە لەگەڵ نەیارو دوژمنەکانیدا سەبارەت بە بەلاداخستنی کێشەی کوردستان کە کێشەی کەرکوک بەشێکی گرنگێتی و لێی جیانابێتەوە .

کێشەی کەرکوک لە عێراقدا بەتەنها نەوت نییە ، نەخێر بەبێ نەوت نەیارەکانی ئێمە هەموو بستێک نەک لە خاکی کەرکوک بەڵکو لەهاموو خاکی کوردستان بە خاکی نەتەوەی عەرەب لەقەڵەم دەدەن و کوردیش بە میوان دەزانن لەسەر خاکەکەی خۆی ، بەڵگە بۆ قسەکانم 83 ساڵی ڕابوردووە کە نەتەوە پەرستانی عەرەب ، شۆڤێنیستەکانیان ، چەپڕەو و مارکیسیستەکانیان ، نیشتمانپەروەر و دیموکراتخوازەکانیان ، نۆکەر و ئەڵقەلەگوێ و کۆنەپرستەکانیان ، شیعە مەزەب و سوننە مەزەبەکانیان ، ژەنەراڵەکانی ناو سوپایان .......تاد نەیانتوانیوە چارەیەک بۆ کێشەی گەلێکی چەند ملیۆنی بدۆزنەوە کە بەزۆر لکێنراوە بە عێراقی عەرەبییەوە . ئەم توێژانەی سەرەوە هەرچەند دەسەڵات کەوتبێتە دەستیان ، زۆر بێشەرمانە پەلاماری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمانیان داوە و دەیان تومەتیشیان خستۆتە پاڵی ، وەکوو ڕێگر و کۆنەپەرست و دەرەبەگ ، ئەڵقە لەگوێی ئیمپریالیزم و سایۆنیزم ، نۆکەرانی ئێران و فارس ی ئاگرپەرست ، تێکدەرانی ڕیزەکانی پرۆلیتاریا و ئاشتی و دیموکراتی لە جیهاندا ........تاد ئەمە تەنها بۆئەوەی داوا ڕەواکانی گەلی کورد ڕەتبکەنەوە ، هەر لە دامەزراندنی حکوومەتێکی کوردی ( کە پێشتر دانیان پێدا ناوە ) هەتا دەگاتە سەر لامەرکەزی ، ئۆتۆنۆمی ، دواتریش فیدرالی .

لەدوای 2003/04/09 وە خەڵک چاوەڕوانی ئەوەیاندەکرد ئەمانە بە خۆیاندا چووبنەوە و لە ژوورەتاریکەکانی 83 ساڵ لەمەوبەر هاتبنە دەرەوە و بە گیانێکی نوێ و بیرکردنەوەیەکی پاکەوە هاتبنە مەیدان ، بەتایبەتی ئەوان لەبەرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقدا بوون و بەشدارییان کردبوو لە کۆنگرەکانی لەندەن و سەلاحەدین و شوێنی تر و هەرچی لەوێدا بریاری لەسەر درابوو ، ئەمان پەسەندیان کردبوو ، جگەلەوە زۆربەی ئەمانە لەوڵاتانی ئەورووپاو ئەمەریکا نیشتەجێبوون و خوێندنیان لەوێ تەواو کردووە ، کەچی بەداخەوە ، بە پێچەوانەی دوێنێوە ،ئەوان بەشێنەیی لەهەموو شتێک پەشیمان بوونەوە و هیچ گۆڕانێکیش بەسەر تێگەیشتن و بیرکردنەوەیاندا نەهاتووە ، کردارەکانیشیان هەمووی دژی برایەتی کوردو عەرەبە کە زۆر کەس بانگەشەی بۆ دەکات !! .

کاتێک ئەنجوومەنی حوکم پێکهات بەسەرکردایەتی پۆل بریمەر ، دەیانوت ئەمە ئەنجوومەنی نۆکەرانە و سەر بە بێگانەیە و ئەوانە نوێنەری میللەت نین ، لەکاتی نووسینەوەی دەستووردا وتیان پێشینە بریار لەسەر ڕەشنووسەکە دراوە و ئێمە بەشداری ناکەین لە نووسینەوەی ، کەکاتی هەڵبژاردنەکان هاتە پێشەوە ، وتیان ئەمە هەڵبژاردنێکی تایفی و مەزەبییە و ئێمە لەسێبەری داگیرکردندا بەشداری هەڵبژاردنەکان ناکەین ، کەدوایی ملیان ناو بەشدارییانکرد و ئەوەی ئەوان خەونیان پێوەدەبینی و بەتەمای بوون و نەهاتەدی ، وتیان هەڵبژاردنەکان فێڵ و ساختەی تێداکراوە و بڕوا بە ئەنجامەکانی ناکەین ، کەباس هاتە سەر مەسەلە چارەنووسسازەکانی گەلی کورد وەکوو سیستمی فیدرالی بۆ کوردستان ، کێشەی کەرکوک ، هێزی پێشمەرگەی کوردستان ، بەشی کورد لە سامانە سرووشتییەکان ، زوبانی کوردی وەکوو زوبانی ڕەسمی ......تاد ئەمانە هاواریان لێهەڵسا و کردیانە شیرە شیڕ و شیوەن و گریان و وتیان ئەم داوایانە هەمووی بۆنی جیابوونەوە خوازی لێدێت و ئێمە پێی ڕازی نین چونکە عێراق بەرەو پارچە پارچە بوون دەبات !! ، دواتر هەر وازیان لە پەڵپ و بیانووگرتن نەهێنا و ئێستا پێماندەڵێن کوردەکان حوکمی عێراق دەکەن .

ئێستا لەوەتی مادەی 58 لە یاسای ئیدارەی کاتی عێراقدا کەدواترگۆردرا بە مادەی 140 ی دەستووری هەمیشەیی عێراق ، ڕێگایان خۆشکردووە بۆ چۆنێتی بەلاداخستنی پرسی کەرکوک ، لەوکاتەوە ناحەزانمان لە شۆڤێنیست و سەلەفییەکان ، ئارامیان لەخۆیان بڕیوە و سەری دنیایان لێهاتۆتەوە یەک و دەیانەوێ بەپشتی دەوڵەتانی عەرەب ، مەسەلە چارەنوسسازەکانی ئێمە بشێوێنن و تێکیبدەن ، بەکارکردن بۆ نەخشەو پیلانە چەپەڵەکانیان و پەنابردنە بەر گۆڕینی هەندی مادە لە دەستووری هەمیشەیی عیراقدا کەلەگەڵ بیروباوەڕ و ئامانجەکانی ئەواندا جووتنابێ و بەلای ئەوانەوە بۆنی

لەتوپەتکردنی عێراقی لێدێت . شیعەکانیش لەگەڵئەوەی حەز بە هەرێمێکی فیدرالی وەکوو ئەوەی کورد بۆ خۆیاندەکەن بەڵام لە بەلاداخستنی مەسەلە جارەنووسسازەکانی گەلەکەماندا جیاوازییەکی گەورەیان نییە لەگەڵ سوننەکاندا و دەیانەوی کێشە گرنگەکان بە هەڵپەسێردراوی بمێنێتەوە و پەلەی لێنەکرێ . ئەوەتا لەماوەی ئەم چوارساڵەدا عێراق سێ سەرۆک وەزیرانی بەخۆوە بینیوە، کەچی هیچیان هەنگاوێکی جدی و لەباریان نەناوە سەبارەت بە چاسەرکردنی پرسی کەکوک و لەهەرجارێدا کۆمەڵێک کۆسپ و ئاستەنگیان بۆ کورد هێناوەتە پێشەوە بۆئەوەی مەسەلەکان ڕاوەستاو بمێننەوە و پێشکەوتن بەخۆیانەوە نەبینن . بۆنمونە ئێستا لەهەوڵی ئەوەدان کە فشاری زۆر بخەنەسەر ئەمەریکا بۆئەوەی مەسەلەچارەنووسسازەکانی ئێمە سەرنەگرێ و هەموو شتێک شێوەی بەناوەندیکردن و بەعێراقیکردن بەخۆوە بگرێ و لەدەسەڵاتی کورد و شیعە کەمبکەنەوە .

گرووپی بیکر– هملتۆن کە نوێنەری دیموکراتییەکان و کۆمارییەکان بوو ، لە ڕاپۆرتەکەیاندا لەکۆتایی ساڵی 2006 دا بۆ ئیدارەی بوش پێشنیاری ئەوەیانکردووە ریفراندۆم دوا بخرێت و کەرکوک نەخرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان ، ڕەنگە ئەمە لە خەمساردی سەرانی کورد و تەقەلای ناجوامێرانەی نەیارەکانی ئێمەوە، لەناوەوە و دەرەوەی عێراق هاتبێت ، هەندێجاریش باس لەوە دەکرێت کێشەی کەرکوک بەرەوڕووی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بکرێتەوە بۆئەوەی لەوێ دیزەبەدەرخۆنەی بکەن و چۆنیان ویست وەها مامەلەی بکەن ! ، ناوبەناویش دەم لەوەوە دەدەن کە کەرکوک بەهۆی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆرەوە بکرێتە هەرێمێکی سەربەخۆ ! ، ئەگەر ئەم تەقەلایانە سەربگرێ و دەسەڵاتی سیاسی کوردستان لێی بێدەنگبێت وەکوو لێی بێدەنگ بووە! ، ئەوا بە دڵنیاییەوە کەرکوکیش وەکوو موسڵ لێدەکەن و ناهێڵن بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان و بەتەواوی لەدەستمان دەردەچێ و دەبێ نەوەکانی دوای ئێمە هەمووجارێک بڵێن: کەرکوک شارێکی کوردستان بوو لێیاندزین !!!

**هەڵوێستی دەسەڵاتی سیاسی کوردستان چییە ؟**

پێشەکی وابزانم پێویستنەکات پەنجە بۆ ڕاستییە مێژووییەکان دەربارەی کوردستانیبوونی کەکوک درێژ بکەم و ئەوانەی پێویستییان بەزانیاری زیاتر هەیە دەربارەی ئەم شارە ( زوڵملێکراوە ، سەربڕاوە ، تەعریبکراوا ) با چاوێک بخشێنن بە کتێبە بەنرخەکەی دکتۆر کەمال مەزهەر ( كركوك و توابعها ، حكم التآريخ والضمير ) کە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بەنرخە .

دوورناڕۆم ودەڵێم حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق هەر لەسەردەمی پاشایەتییەوە هەتا 2003/04/09 بەدڵوبەگیان نەخشەی چەپەڵی خۆیان بەسەر کەرکوکدا سەپاندووە سەبارەت بە گۆڕینی باری دیمۆگرافی شارەکە ، هەروەها لەهەوڵێکی بەردەوامدابوون بۆ تێکدانی باری جوگرافی و کۆمەڵایەتیش . بەعسییە فاشیستەکان کەبەشی گەورەی ئەم تاوان و هێرشانەیان بەردەکەوێت ، بەکوڵ و بەدڵ پیلانی بەعەرەبکردن و بەعسکردنیان پیادە دەکرد نەک تەنها لەم شارە بەڵکو لە زۆرشوێنی کوردستان و کەرکوکیان وەکوو گۆڕستان و کەلاوەیەک لەدوای خۆیان جێهێشت .

لە 2003/ 04/09 بەدواوە دەسەڵاتی بەعس لە کەرکوکدا نەما ، دەسەڵاتی سیاسیش لەکوردستاندا هیچ نەخشەوپلانێکی بۆ شاری کەرکوک نەبوو . لەباتی کوردایەتی ڕەسەن و گێڕانەوەی شارەکە بۆ باوەشی کوردستان بەشیوەیەکی شارستانیانە ، خەریکی شەڕە کورسی و شەڕە دزی و شەڕە پەڕۆ بوون و لەبەر بەرژەوەندی تاک و حزب کوردیان بیرچووبۆوە و وەکوو دو خێڵ لە دوو گوندی دوور لە شارستانییەت ڕەفتاریاندەکرد بەرامبەر بەیەک ، هەتا دووهەفتە چییان بکردایە لە شاری کەرکوکدا سەریدەگرت و کەسیش نەبوو لێیانبپرسێتەوە و ورتەیەکی لەدەم بێتەدەرەوە و پێیانبڵێ بەری چاوتان کلی پێوەیە ، کەچی داخەکەم ئەو دەرفەتە بەنرخەیان لەدەستداو لە قینی یەکتر نەیانکرد . کەهێزەکانی ئەمەریکاو هاوپەیمانان ، پەیامنێرو ڕۆژنامەوانان ، کامێرەبەدەستەکانی کەناڵە ئاسمانییەکان ، بینییان کورد ئازادی و ڕزگاری ناوێ و خەریکی بانک برین و بارکردنی شیش و چیمەنتۆ و شتی بەنرخن لەشارەکەدا ئیتر لە ڕاستییەکان گەیشتن و کەرکوکیش تاسێنراو خنکێنرا .

پێشتر ئاماژەم بەوەکرد کە نەدەبوو تەموژ بخرێتە سەر کوردستانیبوونی کەرکوک و بەشێوەیەکی دەستووری چارەسەربکرێت چونکە مێژوو بریاری خۆی داوە کە ئەمە شتێکی حاشاهەڵنەگرە و کوردستانیان ڕاڕاو دوودڵنین بەرامبەر بە کوردستانیبوونی شارەکەی خۆیان کە شاری نەتەوە ، کەمایەتی ، گروپی تریشە و تایبەندمەندی خۆی هەیە ، بۆیە جارێکیتر دووپاتی دەکەمەوە و دەڵێم دەبوایە کەرکوک ژیرانە مامەلە بکرایە بەتایبەتی چەندین ساڵ بوو بە ئاگروئاسن مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا و بەشێکی گەورەی چەوساندنەوەی نەتەوەیی و چینایەتی بەرکەوتبوو.

ئێستا کەرکوک لەدوای پرۆسەی ڕزگارکردنی عێراق کەوتۆتە دەست ئیدارەیەکی گەندەڵ و بۆگەنی دوو حزبە کوردستانییەکەی پارتی و یەکێتییەوە ، ڕەفتارو کرداری ئەوان بە هۆی ململانێی حزبییەوە هەموو شتێکی تێکداوە ، شەڕەپەڕۆ و شەڕە کورسی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک لە هەموو کاتێک نالەبارتر و خراپترەو وایکردووە ململانێ کۆمەڵایەتییەکانی ناو کەرکوک فراوانتر و قووڵتربکاتەوە و بۆشایی گەورە گەورە درووست بکات بە شیوەیەک کە دەستی تیرۆر بگاتە هەموو شوێنێک ، ئەوەتا مەسەلەی ئاسایشی ناو شاری کەرکوک ڕۆژلەدوای ڕۆژ خراپتر دەبێت و بۆیان کۆنترۆڵ نەکراوە ، ئەو پارانەی لە ( هەرێمی کوردستان ، بەغدا ، ئەمەریکا ) دەگاتە دەستی ئەم ئیدارە گەندەڵە کەس نازانێ چۆنچۆنی خەرج دەکرێت و چیلێدێت یاخود شتێکی کەمی لێ خەرجدەکەن و خۆیانی پێوە بادەدەن و منەت بەسەر میللەتدا دەکەن و ئەوی تریشی حەپەلووشدەکەن و کەرکوکی پێدەکەنە کەلاوەو وێرانە ، بێگومان ئەم کارانە هەمووی ڕەنگدانەوەی خراپی دەبێت لەسەر ( شارەکە ، کێشەی نەتەوەیی ، پێکهاتەکۆمەڵایەتییەکانی ناو کەرکوک خۆی ، ئەمەریکا و هاوپەیمانان ) دیارە ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانیش پێیان خۆشە ئەم دیمەنەی شاری کەرکوک بە چاوی خۆیان ببینن بۆئەوەی سازش لەدوای سازش بە دەسەڵاتی سیاسی کوردستانی بکەن لەسەر حسابی کێشەی نەتەوەیی ئێمە . هەمووجارێک کوردستانیان دەبێ باجی هەڵەی ئەم دوو حزبە بدات !!!

ئێمە میللەتێکین ئەنفال کراوین ، بەگازی ژەهراوی مامەلە کراوین ، نیشتمانەکەمان بۆتە کەلاوە و گۆڕستان ....... نەدەبوو دەسەڵاتی سیاسی کوردستان ڕێگەبدەن ئەم شارەی کوردستان ئاوای لێبێت و مەلەفچییەکان سەرکردەمان بن و کێشەکەمان سووک مامەلەبکرێت ، تاکاتێک بەخۆماندەزانین هەموو شتێک بەعێراقیی کراوە و زۆر شتیشمان لەدەست داوە ، لەناوئەوانە کەرکوک و ( مادەی 140 کەدەستکردی دوو حزبەکە خۆیانە ) .

لەوەتی کێشیکەمان داوەتە دەستی قەدەر و دەمانەوێ بە مەزادی عەلەنی و دەنگدان کەرکوک بسێنینەوە ، لەوەتی چاوەڕوانی ئەوەین دوژمن و ناحەزەکانمان کێشەکانمان بۆ بخەن بەلادا ، لەوەتی پارەوپوول گێژیکردووین و بەرچاوی خۆمان نابینین ، لەوەتی دەستمان بەرزکردۆتەوە بۆ خواستی نەیارو دوژمنەکانمان و دەمانەوێ لەژێر دروشمی عێراقێکی ( فیدرالی ، دیموکراتی ، پەرلەمانی ) دا بەناوی بەهێزکردنی برایەتی کوردو عەرەبەوە ( کە ئەوان 83 ساڵە بڕوایان پێی نییە ! ) عیراقیان بۆ بنیات بنێینەوە ......ئالەوکاتەوە ئێمە زۆرشتمان دۆڕاندووە و لەدەستداوە کەدەبوو بە پێچەوانەوە بێت بەتایبەتی کارتی کورد لاواز نەبوو ، بەڵام داخەکەم ئێمە خۆمان ، خۆمان لاوازکرد بەرامبەر بە هیچ !!.

تاقیکردنەوەکانی مێژوو سەلماندویانە دەبێ سیاسەت لەگەڵ تواناو وزەکاندا گرێبدرێن بۆئەوەی بتوانی بەئاسانی کاربکەیت ، بە پێچەوانەی ئەمەوە قوربانییەکان بەفیڕۆ دەچن و ئامانجەکانیش دوور دەکەونەوە . ئەگەر عقڵ و مەنتیق و هوشیاریی و بەرژەوەندیی باڵآ نەبنە میوان و چاودێری سیاسەتمەدار نەکەن ، ئەوا سیاسەتمەدار دەبێتە زۆردارو لەگەڵ داگیرکەردا جیاوازی نابێت و جیاناکرێتەوە لەیەک .

میللەتی بیابانی ڕۆژئاوا لە مەغریب کەبەرەی ڕزگاریخوازی بۆلیساریۆ سەرکردایەتییان دەکات و ژمارەی دانیشتوانیان لە ملیۆنێک کەمترە ، لەساڵی 1975 وە داوای مافی چارەی خۆنووسین دەکەن و دەیانەوێ لە مەغریب جیاببنەوە و دەوڵەتی خۆیان هەبێت ، هەتا ئێستایش هەر سوورن لەسەر داخوازییەکانی خۆیان و لێی نەهاتوونەتە خوارەوە ، بەرامبەر بەمە هیچ پرۆژەیەکی تریش رەتناکەنەوە کە پێشکەش بەمان بکرێت بۆ بەلاداخستنی کێشەکەیان ، بەڵام مەرجی ڕاپرسی لەسەر دادەنێن و دەڵێن ئێمە میللەتێکمان هەیە و دەبێ پرس وڕا بەوان بکەین ، ئێستا کار گەیشتۆتە ئەوەی دانووستانەکان لەگەڵ مەغریب ببەنە واشنتۆن کەتائێستا نەگەیشتوونەتە هیچ . ئەم میللەتە بەم کارەیان توانیویانە سەرنجی وڵاتانی ئەفەریقا و یەکێتی ئەوروپاو ئەمەریکا و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەلای خۆیاندا ڕاکێشن . ئایا سەرکردایەتی هەردوو حزبەکەی

کوردستان ، پارتی ویەکێتی ، یەکجار لەڕێگای کەناڵە ئاسمانییەکانی کوردستانەوە بەرەسمی ڕایانگەیاند و ئەمەریکا و یەکێتی ئەروپا و ڕای گشتی جیهانیان لێئاگادارکرد کە ئەوان بۆ بەلاداخستنی مەسەلە چارەنووسسازەکان پەنا دەبەنە بەر میللەت و پرسوڕا بەوان دەکەن ؟!! .

لەپێش نووسینەوەی دەستوور و هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و دامەزراندنی حکومەت و دەستنیشانکردنی سەرۆک ( کۆمار و وەزیران ) و وەزیرەکان ، بیرمەندوسیاسەتمەدارانی کورد ، ڕوناکبیرو ئەکادیمیستەکانمان ، توێژەرەوە و لێکۆڵەرەوەکانمان دەیان وتاریان لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە ڕەسمی و ئەهلییەکانی کوردستان و سایتەکانی ئینتەرنێت بلاوکردەوە دەربارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن و بە پیرەوەچوونی بارودۆخی نویی عێراق و بەلاداخستنی کێشەو ئاستەنگەکان . سەرکردایەتی هەردوو حزبەکە دەیانتوانی سوود لە پسپۆڕیی و شارەزایی ئەوانە وەربگرێت و بانگهێشتیان بکات بۆ کوردستان تا هەموو پێکەوە بەرنامەیەکی نوێی کارکردن دابڕێژن بۆ کوردستان و عێراق ، بەڵام بەداخەوە نەک هەر بانگهێشتی کەسیان نەکرد ، بەڵکوو حسابیشیان بۆ نەکردن و ئاوڕیان لێنەدانەوە چونکە ئەوان لەو جۆرەکەسانە دەترسن و نایانەوێ لێیان نزیکببنەوە .

ئەمڕۆ دەسەڵاتی سیاسی زۆرچاک دەزانن بارودۆخەکە ڕوو لەکوێ دەکات ، بەتایبەتی پاشەکشە زۆرە لە مەسەلە گرنگەکان ، گەڕانەوەش بۆدواوە بەردەوامە ، کەچی لێی بێدەنگن و ئەو هەنگاوانە نانێن کە بە قازانجی گەلەکەمان تەواودەبێت ، ئامادەنین ڕوون و ئاشکرا قسە بۆ میللەت بکەن و دەیانەوێ ڕاستییەکان بشارنەوە و خۆڵ بکەنە چاوی خەڵکییەوە ، ئەوان واتێگەیشتوون هونەری سیاسەت ، هەوەسبازی و بەخشینەوەی درۆیە بەسەر خەڵکیدا . ئەوان دەیانەوێ خەڵک لە سێبەری خۆیاندا ڕاوەستێت و قسەکانیان بجوونەوە و سواری یەکی بکەن .

هەتائێستا دەسەڵاتی ناوبراو خۆیان دەدزنەوە لە پرۆسەی ئاساییکردنەوەو سەرژمێریی لەشاری کەرکوکدا کە دەبوایە تەواو ببونایە و خەلک خۆی ئامادەبکردایە بۆ ڕێفراندۆم لەکۆتایی 2007 دا ، ئەمانە هەمووی ڕێگەخۆشکردنە بۆ بە عیراقیکردن و بەدەستەوەدانی کەرکوک و نەک هەر ئەمەو بەس ، بەڵکوو ئەگەر کارەکان وەها بروات ، ئەوا ئەوەی کورد بەدەستی هێناوە ، ئەوەشمان لە کیس دەچێت و دەبێ باجەکانی بدەین و ڕۆژێک لە ڕۆژان لەسەر حسابی بنیاتنانەوەی عێراق و حکومەتی ناوەندی ، ئێمە داوای لامەرکەزی یان ئۆتۆنۆمی لەوان بکەین و شتێک نامێنێ کە ناوی فیدرالی بێت و کەرکوکیش عگالی لەسەر سەر دادەنرێت بەرگی عێراقی لەبەردەکرێت و بە خەویش ناگەرێتەوە باوەشی کوردستان !.

دەسەڵاتی سیاسی لەکوردستاندا هیچ شتێکیان لەدەست نەداوە ! بەڵام خەریکە هەموو شتێک لەدەست دەدەن ، پێدەچێ هەموویان خۆیان بە کاتیی بزانن و کەی ویستیان گۆڕەپانەکە جێبهێڵن و هەڵەو خەتاو تاوانەکانیش بخەنە ملی ئەوانیتر .

بۆ ئەوەی کار نەگاتە ئەوەی کارەساتێکی گەورەی تر ئێخەی کورد بگرێت ، پێوستە دەسەڵاتی سیاسی قەبووڵنەکەن فشاری ئەم وڵات و ئەو وڵات بیانڕوخێنێ چونکە ئەوان میللەتێکیان لە پشتە کە بەکۆی دەنگ نایەوێ لەگەڵ عێراقدا بمێنێتەوە .....بەپێچەوانەی ئەمەوە ئەگەر قەبووڵی خواستی ناحەزەکانی گەلی کوردیان کرد و گوێیان بۆ حەز و خواستەکانی میللەت نەگرت ئەوا بە دڵنیاییەوە مێژوو پشتاوپشت ئێخەیان دەگرێت!!! .

لەهەلومەرجی سیاسی ئەمڕۆی کوردستاندا ، ئەم هەنگاوانەی خوارەوە دروست و گرنگن بۆ دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان :

یەکەم/ پێویستە سەرۆک کۆمار و سەرۆکی هەریم ، هەروەها پارتی و یەکیتی و حزبە کوردستانییەکان ، هەڵوێستیان یەکخەن لە سەر مەسەلەی کەرکوک و مادەی 140 ی دەستوور و بە شێوازی جیاجیا کارنەکەن و هەرجارەی لەبەر خاتری ئەم و ئەو (گایەک بە کوشت نەدەن بۆ کێچێک) و تەسریحێک ، قسەیەک نەکەن و هەوڵوتواناو کردارەکان یەکخەن و بەهێزی بکەن و هەمیشە بڵێن : ئێمە میللەتێکمان هەیەو پێویسە پرسوڕا بەوان بکەین ، هەرکاتێک سەرکردایەتی هەردوو حزبەکە وێرایان بەڕەسمی و بەبەرچاوی دنیاوە ئەمە بڵێن ، ئەوا بەدڵنیاییەوە لە باتی تroووسکاییەک هەزار ترووسکایی هەیە بۆ ڕزگارکردنی مەسەلە چارەنووسسازەکانمان! .

دووەم/ بەندی (ب) لەمادەی 140 بەپێی دەستوور دەکەوێتە ئەستۆی سەرۆک کۆمار کە پەیوەندی بە ئاساییکردنەوەی قەزاوناحیەکانی دەوروپشتی کەرکوکووە هەیە بەهاوکاری هەردوو جێگرەکەی . لەبەرئەوەپێویستە بە زووترین کات هەنگاوی عەمەلی بنرێت بۆئەم مەبەستە و میللەتی لێئاگاداربکرێتەوە .

سێیەم/ ئەگەر دکتۆر عەللاوی و بەرەی تەوافوق و خەڵکی تری سەربەمان بتوانن تەحەددا بکەن و هەڕەشە و گوڕەشە ببەخشنەوە و خەڵکانی سەربەخۆیان بکشیننەوە لە پەرلەمان و حکومەت ، ئەی بۆچی لیستی هاوپەیمانی کوردستان نەویرێ وەکوو ئەمان بکات لە پێناوی گێرانەوەی کەرکوک بۆ باوەشی کوردستان ؟!! ، خۆ ئەگەر بڵێن ئاخر تورکیاو ئێران هەڕەشە دەکەن و دێنە ناوەوە !! ئەوا لە وەڵامدا دەڵێم هاتنەناوەوەی ئەوان مانای دەرچوونە لە بریارە نێودەوڵەتییەکان و بەزاندنی خەتی سوورە و لەهەمانکاتدا دەستدرێژییە بۆ سەرسەروەری وڵاتێکی تر و حەیا چوونیشە بۆ ئەمەریکا و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ، چونکە ئەمەریکا بە پێی بریارێکی نێودەوڵەتی ، عێراقی داگیرکردووە . خۆئەگەر هەرکرا ، ئەوا هەموو موعادەلەسیاییەکەی ئەمەریکا لە عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تێکدەچێتەوە ، بێگومان کوردیش دەگرێتەوە ، ئەوسا ئەوانە ناتوانن میللەتێک لەناوبەرن ، کورد وەکوو جاریجاران درێژە بە تێکۆشانی خۆی دەدات ، بەتایبەتی ئێستا دنیا وەها بچووک بۆتەوە ، لەچرکەیەکدا ئەمسەری دنیا ئاگای لەوسەری دنیایە .

تێبینی / 1- ڕەنگە هەبێ و بڵێ : ئەگەر مەبەست لەنووسینی ئەم وتارە کەرکوک و مادەی 140 ە ، ئیتر ئەم درێژەپێدانەی بۆچیبوو ؟ لەوەڵامدا دەڵێم : پێشئەوەی باسی کێشەکەمان بکەین ، پێویستە ئێمە خۆمان و دوژمنەکانمان بە چاکی بناسین ، ئیتر ئەوسا تێدەگەین کێشەکەمان لە کوێدا گیری خواردووە و چەقیوە و هۆیەکەی چییە! .

2- بۆ نووسینی بەشێک لەم وتارە سەیری چەند  لاپەڕەیەکی ئەم سەرچاوانەی خوارەوەم کردووە :

آ- کوردستان لەساڵەکانی شەری یەکەمی جیهاندا  – د . کەمال مەزهەر – 1975 .

ب- چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد ( بەشی یەکەم ) – د. کەمال مەزهەر 1985 .

ج- المشکله الکردیه فی الشرق الاوسط – د. حامد محمد عیسی  1992 .

عارف کەریم – ستۆکهۆڵم
kadir_arif@hotmail.com